گۆڤاری زانكۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەكان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue SpA 2024
ID No. 1132 (PP 286-308)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.SpA.18

توێژینەوە

# لەسەر توانای وێنەكێشان و دەسكەوت لای Paper Marbling كاریگەری پڕۆگرامی ڕاهێنان بە تەكنیكی خوێندكارانی بەشی پەروەردەی هونەر

ئاواز میرزا فرج*
صابر بكر مصطفى**

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە هەڵێنجراوی تێزی دكتۆرایە بە ناونیشانی (كاریگەری پڕۆگرامی ڕاهێنانی بە تەكنیكی (Paper Marbling) لەسەر توانای وێنەكێشان وبەدەستهێنان لای خوێندكارانی بەشی پەروەردەی هونەر) ئامانجی توێژینەوە ئامادە كردنی پرۆگرامێكی ڕاهێنانە لە بوارەكانی وێنەكێشاندا پشت بەست بە تەكنیكێك كە لە پێشتردا بەكار نەهێنراوە لە بواری وێنەكێشاندا لە دامەزراوەیەكی زانستی فێركاری وەكو زانكۆی سلێمانی. ئامانجەكە بریتییە لە زانینی كاریگەری پرۆگرامی ڕاهێنانی بە تەكنیكی وێنەكێشان لە سەر رووی ئاو (Paper Marbling) لە سەر توانای وێنەكێشان وبەدەستهێنانی ئەنجام لە بابەتی كاری سەربەست وبەراوردكردنی ئەنجامی تاقیكردنەوەی پێشەكی وتاقیكردنەوەی پاشەكی وپێشنیار كردنی تەكنیكەكە وەكو ڕێگەی نوێ لە پاڵ ڕێگە باوەكان بۆ هێنانی شێوازی تازە بۆ ناو بابەتی وانەی وێنەكێشان. توێژەر مۆدێلی (كەمپ) بۆ داڕشتنی پڕۆگرامە ڕاهێنانییەكەی پەیڕەو كرد لە كاتی دیزاینكردنی پڕۆگرامی ڕاهێنانییەكەدا بەهۆی سوودەكانییەوە، لەوانە كە ڕێگە بە ئەنجامدانی دەستكاریی پێویست دەدات لە هەڵبژاردنی یەكەكان (توخمەكان) دا بەپێی پێویست، هەڵسەنگاندن لە كاتی دیزاین كردنی پرۆسەكەدا گونجاوە لەگەڵ سروشتی پرۆسەی ڕاهێنانی خوێندكاران. توێژەر بۆ بەدەست هێنانی ئامانجی توێژینەوەكە دیزاینی یەك كۆمەڵە وتاقیكردنەوەی پێشەكی لە هەفتەی یەكەم وتاقیكردنەوەی پاشكی لە هەفتەی هەشتەم هەڵبژارد، سامپلی توێژینەوەكە پێكهاتبوو لە (١٨) خوێندكاری قۆناغی چوارەم كە بەشێوەیەكی هەڕەمەكی لە كۆمەڵگەی توێژینەوەكە هەڵبژێردرابوون، بە مەبەستی پاراستنی هاوسەنگی سامپلی توێژینەوەكە وكۆنترۆلكردنی ئەو گۆڕاوانەی كە كاریگەری لەسەر گۆڕاوە سەربەخۆكە هەیە ودەستنیشان كردنی یەك ڕێڕەو بۆ هەموو خوێندكاران سامپلی توێژینەوەكە لەبەر ئەم هۆیە توێژەر هاوتای سامپلی توێژینەوكەی وەرگرت بۆ گۆڕاوەكان تاقیكردنەوەی پێشەكی، تەمەنی خوێندكارەكان بە (مانگ)، نمرەی وانەی داڕشتنی وێنەكێشان بۆ ساڵی (٢٠٢١ - ٢٠٢٢)، ئاستی زیرەكی خوێندكاران لە ڕێگەی ئەنجامدانی تاقیكردنەوەی زیرەكی (IQ test). بۆ جێبەجێكردنی توێژینەوەكە توێژەر هەستا بە ئەنجامدانی راپرسی، راپرسی بۆ داڕشتن وبنیاتنانی پرۆگرامی ڕاهێنانی، راپرسی كراوە بەمەبەستی دەستنیشانكردنی تەكنیكە نوێیەكانی وێنەكێشان، راپرسی بۆ ئامادەكردنی فۆڕمی هەڵسەنگاندنی ئەنجامی تاقیكردنەوەی خوێندكارانی نموونەی توێژینەوەكە. پاش داڕشتن وبنیاتنانی پرۆگرامی ڕاهێنانی ووەرگرتنی رای پسپۆڕان وەبەپێی كۆمەڵێك هەنگاو كە لەڕێگەیەوە پرۆگرامی ڕاهێنانییەكە وپێداویستییەكانی وئامانجەكانی دەستنیشانكران. توێژەر پرۆگرامی ڕاهێنانی وتەكنیكی (Paper Marbling) جێبەجێ كرد لە سەر نموونەی توێژینەوەكە لە ماوەی (٨) هەفتە دا، هەر هەفتەیەك (١) وانە، هەروانەیەك (٣) كاتژمێر. دوای كۆكردنەوەی زانیارییەكان (داتا) وشیكاری ئاماری، توێژەر گەیشت بە كۆمەڵێ ئەنجام وەكو بنیادنانی پرۆگرامێكی ڕاهێنانی هەنگاو بە هەنگاوكە وپاشان جێبەجێكردنی لە سەر سامپلی توێژینەوەكە وە دەركەوتنی جیاوازییەكی ئاماری بەرچاو لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەی بەدەستهێنراو لە تاقیكردنەوەی پێشەكی وتاقیكردنەوەی پاشەكی بە بەكارهێنانی تەكنیكی (Paper Marbling) ئەمەش بەو مانایە دێت كە خوێندكارانی سامپلی توێژینەوەكە ئاستی لێهاتووی وێنەكێشانی خۆیان پێشخستووە دوای ئەزموونی توێژینەوەكە بە بەراورد بە پێش ئەزموونی توێژینەوەكە هەروەها قەبارەی كاریگەری پڕۆگرامی ڕاهێنانی گەورە بوو لە سەر پەرەپێدانی تواناكانی وێنەكێشان ودەستكەوت لای خوێندكارانی سامپلی توێژینەوەكە. لە ڕۆشنایی ئەنجامەكاندا، توێژەر كۆمەڵێك ڕاسپاردەو پێشنیاری خستەڕو كە پێی وایە لە داهاتوودا تەواوكەری توێژینەوەكەی ئێستای دەبێت.

* بەشی پەروەردەی هونەری-كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت/ زانكۆی سلێمانی
** بەشی باخچەی منداڵان-كۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت/ زانكۆی سلێمانی
awaz.faraj@univsul.edu.iq
sabir.mustafa@univsul.edu.iq

وەرگرتن 2023/04/06
پەسندكردن 2023/07/10
بڵاوكردنەوە 2024/04/15

**وشە سەرەكییەكان:**
كاریگەری،
پرۆگرامی ڕاهێنانی،
وێنەكێشان لە سەر رووی ئاو،
هونەری ئێبرۆ.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields.
https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## 1-پێشەکی:

### 1-1 کێشەی توێژیەنەوەکە:

کێشەی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای گەڕان ولێکۆڵینەوە بووە لەلایەن توێژەرەوە لە بەشی پەروەردەی هونەر لە کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت ئەنجامدرا بە ئامانجی دەستنیشانکردنی کاریگەری پرۆگرامێکی ڕاهێنانی بۆ توانای وێنەکێشان وبەکارهێنانی تەکنیکی (Paper Marbling) وەکو ڕێگەیەکی نوێ لە بواری وێنەکێشان، تا چەند دەتوانرێت ئەم ڕێگایە ئاشنا بکرێت، ئەم تەکنیکە یەکەم جارە بەکار دەهێنرێت لە بواری وینەکێشان لە پەیڕەو پرۆگرامی خوێندن.

کێشەی توێژینەوەکە دیاری دەکرێت لە وەڵام دانەوەی پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە کە بریتی یە لە (کاریگەری پرۆگرامی ڕاهێنانی وبەکارهێنانی تەکنیکی Paper Marbling لەسەر توانای وێنەکێشان وبەدەستهێنان لە بابەتی کاری سەربەست لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر) لە وەڵام دانەوەی پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە کۆمەڵێ پرسیاری لاوەکی سەرهەڵدەدات:

1. پرۆگرامی ڕاهێنانی کامەیە کە پێویستە جێبەجێ بکرێت بۆ گەشە پێدانی توانای وێنەکێشان لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر.
2. بۆ ئەوەی خوێندکار بتوانێت هاوبەشی کارەکانی بکات لە پێشانگا جیهانی یەکان چونکە ئەم تەکنیکە ڕێگایەکی جیاواز وسەربەخۆیە.
3. تا چەند گرنگە خوێندکاری بەشی پەروەردەی هونەر شارەزایی هەبێت لە سەر بەکارهێنانی تەکنیکی (Paper Marbling) بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەم تەکنیکە لە قوتابخانەکان ئاشنا بکرێت.
4. ئایا لە ڕووی ئامارییەوە جیاوازی بەرچاو هەیە لەسەر بە دەست هێنانی نمرە بە بەکارهێنانی تەکنیکی (Paper Marbling) لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر.
5. ئایا تا چەندە کاریگەری پرۆگرامی ڕاهێنانی لە سەر گەشەسەندنی لێهاتووی وێنەکێشان بە بەکارهێنانی تەکنیکی ( Paper Marbling) لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر.

### 2.1 گرنگی توێژینەوەکە:

لە ئێستادا کۆمەڵگە بە پەرۆشن بۆ پەرەپێدانی توانایان وپەرەپێدانیان تا ئەوپەڕی توانا بۆ بەرەوپێشبردن بە گرتنەبەری پرۆگرامی ڕاهێنانی لە بواری خوێندن وەک سەرچاوەیەکی بنچینەیی وبەکارهێنانی بە باشترین شێوە.

ڕاهێنان پرۆسەیەکی ڕێکخراوە بەپێی فەلسەفەو سیاسەت وستراتیژێک ئەنجامدەدرێت کە بە ئامانج وپلانەکانی پێناسە دەکرێت ولەشێوەی بەرنامەیەکی ڕاهێنانیدا پەرەی سەندووە کە میتۆد وئامرازی پەروەردەیی خۆی هەیە بە مەبەستی بەدەستهێنانی پیشەیی وپەروەردەیی وگەشەکردنی پراکتیکی. مامۆستا پێویستی بە ڕاهێنان وفێربوونی بەردەوام هەیە بە درێژایی ژیانی پیشەیی بۆ ئەوەی بتوانێت لە بواری کارکردنیدا لەگەڵ هەموو شتێکی نوێدا هەنگاو بنێت وتواناکانی بەرزبکاتەوە بە جۆرێک کە یارمەتیدەر بێت لە پەرەپێدان  وباشترکردنی پرۆسەی پەروەردەیی، (لطفي، 1996).

گرنگی توێژینەوەکە لە چالاکییەکانی پرۆگرامی ڕاهێنانییەکە یە بۆ باشترکردنی توانا ولێهاتووییەکانی وێنەکێشان وئەو تەکنیکەی کە خوێندکار لە بواری وێنەکێشان بەکاری دەهێنێت بۆ ئەوەی یارمەتیدەر بێت لە وەرگرتنی بیرۆکەی مۆدێرن وداهێنەرانە وە پەرەپێدانی ئەدای کارامەیی، دەستنیشانکردنی خاڵە بەهێز ولاواز بۆ پێوانەکردنی ڕادەی گەشەکردن لە کارامەییەکاندا، هەروەها دابینکردنی ناوەڕۆکی چالاکییە کردارییەکان دوای تەواوکردنی خوێندن کە بە یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی مامۆستا دادەنرێت بۆ پەروەردەی هونەر لە قوتابخانەکان دا.

### 3.1 ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیەبریتییە لە بەدیهێنانی ئامادەکردنی پرۆگرامێکی ڕاهێنانە لە بوارەکانی وێنەکێشاندا وزانینی کاریگەری پرۆگرامی ڕاهێنانەکە لە سەر نمرەی بەدەستهێنراو، وەزانینی قەبارەی کاریگەری پرۆگرامی ڕاهێنانەکە لە سەر لێهاتویی وێنەکێشان بە تەکنیکی (paper Marbling) لە بابەتی کاری سەربەست لە وێنەکێشاندا لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر.

**4.1 گریمانەی توێژینەوەکە:**

1- جیاوازی ئاماری نییە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەی بەدەستهێنراو لە تاقیکردنەوی پێشەکی وتاقیکردنەوی پاشەکی لای خوێندکارانی سامپلی توێژینەوەکە لەسەر لێهاتوویی وێنەکێشان بە تەکنیکی (Paper Marbling) لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر پێش جێبەجێکردنی وپاش جێبەجێکردنی پرۆگرامی ڕاهێنانییەکە.

2- جیاوازی ئاماری نییە لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) لە قەبارەی کاریگەری پرۆگرامی ڕاهێنانی لە سەر لێهاتوی وێنەکێشان وبە تەکنیکی (Paper Marbling) لە بابەتی کاری سەربەست لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر پێش جێبەجێکردنی وپاش جێبەجێکردنی پرۆگرامی ڕاهێنانییەکە.

3- بەکار هێنانی پرۆگرامی ڕاهێنان کاریگەرییەکی پەسەندکراو بەدەست دەهێنێت لەگەشەپێدانی توانای لێهاتووی وێنەکێشان بە بەکارهێنانی تەکنیکی (Paper Marbling) لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر پێش جێبەجێکردنی وپاش جێبەجێکردنی پرۆگرامی ڕاهێنانی.

**5.1 سنوری توێژینەوەکە:**

سنوری بابەتی: کاریگەری پرۆگرامی ڕاهێنانی لە سەر لێهاتووی وێنەکێشان لە بابەتی کاری سەربەست

سنوری مرۆیی: خوێندکارانی قۆناغی چوارەم بەشی پەروەردەی هونەری.

سنوری شوێن: بەشی پەروەردەی هونەر لە کۆلێژی پەروەردەی بنەرەت.

سنوری کات: ساڵی خویندنی (٢٠٢٢ – ٢٠٢٣).

**6.1 دیاریکردنی چەمکەکان:**

**کاریگەری**

صبري (2002): توانای گەیشتن بە ئامانجە مەبەستەکان وگەیشتن بە ئەنجامە خوازراوەکان، ئەو چەمکە لە بواری چارەسەر وشێوازەکانی خوێندن وفێربوون وشێواز وستراتیژ ومۆدێلەکانی فێرکردندا بەکاردێت (صبري, 2002).

شحاتة and النجار (2003): دەرئەنجامی گۆڕانکاریەکی خوازراو یان نەخوازراوە کە لە فێرخوازدا ڕوودەدات لە ئەنجامی پرۆسەی فێربووندا (شحاتة and النجار, 2003)

تویژەر پێناسەی کردووە: بریتیە لە بینینی گۆڕانکاری وبەدەستهێنان لە پرۆسەی فێربوون وفێرکردندا وگەیشت بەو ئەنجامی ئەرێنیی چاوەڕونکراوە.

**پرۆگرامی ڕاهێنانی**

جابر (2001): پرۆسەیەکی سیستماتیکی ڕێکخراوە، وادەکات تاك لەم ڕێگەیەوە کۆمەڵێک ئەزموون ولێهاتویی بەدەست بهێنێ بۆ ئەوەی بتوانێت چەند ئەرکێکی دیاریکراو جێبەجێ بکات. (جابر, 2001)

الیاسري (2000): پلانێکی ڕێکخراوە بۆ کۆمەڵێک بابەت وچالاکیی و کرداری کە ئامانجیان بەدەستهێنانی زانیاری وپەرەپێدانی کارامەیی لە ماوەی دیاریکراودا. (الیاسري, 2000)

شحاتة and النجار (2003): جۆرێک لە ڕاهێنان کە کۆمەڵێک چالاکیی یەکگرتوو لەخۆدەگرێت ئامانج لێی ئامادەکردنی تاکەکانە و ڕاهێنانیان لە بوارێکی دیاریکراو و پەرەپێدانی زانیاری و لێهاتوویی و هەڵویستەکانیانە لە ماوەی دیاریکراودا، بە شێوەیەک کە لەگەڵ ئەزموونە پەروەردەییەکانی گەشەکردنیان پێداویستییەکان فێرخوازان بگونجێت. (شحاتة and النجار, 2003)

تویژەر پێناسەی کردووە: ریکخستن ودیاری کردن وپەیرەوێکی چالاك وبابەتیانەیە بۆ ئەزموون وبەدەستهێنانی زانیاری وکارامەیی وپەرەپێدنی لێهاتوویی فێرخواز لە بواری پەروەدە وفیرکردندا.

**لێهاتووی**

الخطیب (2000): بریتییە لە توانای تاک بۆ ئەنجامدانی کارێک یان فێربوون لە ڕووی جەستەی یان هزری بە ئاسانی و وردی وخێرایی ولێهاتوویی لە هەمان کاتدا. (الخطیب, 2000).

مصطفی (2002) : کارامەیی بریتییە لە ئەنجامدانی کارەکان بە خێرایی وبە وردی، وە بە بەدەستهێنان وگەشەسەندن تایبەتمەند دەکرێت، واتە مرۆڤ لە ڕێگەی ئەزموون وپراکتیک وراهێنانەوە بەدەستی دەهێنێت وبەهۆی هۆکارەکانی پێشووترەوە گەشە دەکات. (مصطفی, 2002)

تویژەر پێناسەی کردووە: بەدەستهێنان وگەشەسەندن وبەرزکردنەوەی توانا کارامەییەکانی تاک لە ریگەی ئەزموون وفیربوون.

**وێنەکێشان**

د.ولیـد (٢٠٠٥): دەربـڕینە بە هێـڵ وشـێوەو هـێمای سـادەکراو بـۆ بیـرۆکە، پرۆسـەیەک، رووداو، دیـاردەیەکی زانسـتی، ڕێسـاکان وبنەماکانی درککردن وتێگەیشتن (د.ولید, ٢٠٠٥)

ولیام (١٩٩٧): وێنەکێشان هونەرێکی بیـنراوە کە بـریتییە لە دروسـتکردنی پەیوەنـدی لەسـەر ڕووبەرێـک، کە دەربڕینـی شـتەکانە بە شێوەیەکی سەرەکی بە هێڵ یان پەڵە یان هەر ئامرازێک، ئەم جۆرە هونەرە جۆرێکە لە هـونەرە بینراوەکـان (هـونەری شـێوەکاری). (ولیام, ١٩٩٧)

ولیام (١٩٩٧): دەربرینێکی تشکیلیە کە وا دەکات نیشانەیەک دروست بکات لەسەر ڕوویەک، ئەم نیشـانە دەکرێـت بە بەکارهێنـانی ماددەی جیاواز وەک مەرەکەب یان پێنوس یـان تەنـانەت بەکارهێنـانی ئـامرازی دەمر تیـژ کە بتوانێـت هێڵێکـی نـوقم لەسـەر ڕووی دروست بکات، لەگەڵ ئەوەشدا هەرچۆنێک بێـت ئەو کەرەسـتە یـان ئـامرازانە کە بەکـار هـاتوون ئەنجـامەکە یـان کـاریگەرییەی کە دەردەکەوێت یان بەجێی دەهێڵێت هێڵێکی ئەبستراکتە. (ولیام, ١٩٩٧)

تویژەر پێناسەی کردووە: بریتیە لە هونەرێکی بەچاو بینراو لە سەر ڕوویەک وگەیاندنی پەیامە بە بەکارهێنانی کەرەستەی جواروجۆر.

**Paper Marbling**

(DERE et al., 2021) : هونەرێکی ڕازاندنەوەی کاغەزییە کە بە پرژاندنی بـۆیەی نەتـواوە لە ئـاودا لەسـەر ئـاوی چڕکـراوە دروسـت دەبێت، بە یارمەتی فڵچە کە لە لقی گـوڵ و مـووی ئەسـپ دروسـتکراوە وبە زیـادکردنی زەرداوی زراوی (گـا) بـۆ ڕەنگەکـان پاشـان گواستنەوەی بۆ سەر ڕووی کاغەزەکە. (DERE et al., 2021)

Babaoğlu (2013): فراوانترین پێناسەی، بریتییە لە هونەری دیکۆر و ڕازاندنەوە لە سـەر کـاغەز، ئەنجـام دەدرێـت بـۆ دۆزینـەوە ودەستکەوتنی ئەو شێوە ونموونانە کە بە پرژادنی ڕەنگە سروشتیەکان دروست دەبـن لە سـەر ئـاوی چڕکـراوە بە کەتیـرە یـان پێکهـاتە هاوشێوەکانی بۆ چڕ کردنەوە وپاشان وگواستنەوەی شێوەکان بۆ سـەر ڕووی کـاغەزەکە دوای ئەوەی کـاغەزەکە لە سـەر ڕووی ئـاوە چڕەکە دانرا. (Babaoğlu, 2013)

(محمد, 1994): داهێنانێکە کە ڕەنگدانەوەی ڕەسەنایەتی خۆی هەیە وە ڕەسەنایەتیش وبلیمەتەکەی دەریدەخات دەربارەی گەورەیی هونەرمەندەکە کە ئەم جۆرە هونەرەی دۆزیوەتەوە. (محمد, 1994)

تویژەر پێناسەی کردووە: بریتیە لە کارکردن لەسەر ڕووی ئاوێکی دیاریکراو بۆ وینەکێشـان بە بـۆیەی (ئیـبرۆ) بە کەرەسـتەو فڵـچەی تایبەت وە گواستنەوەی وێنەکێشانەکە بۆ سەر ڕوویەکی مەبەست.

## 2. چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەك:

### 1.2 پرۆگرامی ڕاهێنانی:

پرۆگرامی ڕاهێنان یەکێکە لەشێوازە هەمەجۆرەکانی گەشەپێدانی پیشەیی کە کۆمەڵێک چالاکی ڕێکخراوە بەئامانجی پەرەپێدانی زانین وئەزموون وهەڵوێستی ڕاهێنەران کە یارمەتیدەرن بۆ دیاریکردنی زانیارییەکانیان وبەرزکردنەوەی کارایی بەرهەمهێنانیان، جێگیرکردنیان لەم پرۆگرامانەدا بۆ زیادکردنی کاریگەری مامۆستایان وبەرزکردنەوەی توانا چۆنایەتییەکانیان لە بواری پەروەردە وپسپۆڕیدا. (شموط, 2015)

### 2.2 ئامانجەکانی پرۆگرامی ڕاهێنانی:

پرۆگرامەکانی ڕاهێنان وگەشەپێدانی پیشەیی جیاوازن بەپێی هەمەچەشنی ئامانجی تایبەتی هەر بەرنامەیەک وبەپێی مەبەستەکانی پرۆسەی پەروەردەییە (عوض, 1989). هەروەها ئامانجەکانی پرۆگرامی ڕاهێنان بریتین لە:

1. ئامانجە گشتییەکانی بەرنامەکە: جەخت لەسەر ئەو ئامانجە بنەڕەتیانە دەکاتەوە کە بەرنامەکە بەدوای بەدیهێنانیدا دەگەڕێت
2. ئامانجە تایبەتییەکانی پرۆگرامەکە: بەگشتی دابەش دەکرێن بۆ ئەرک، ئەو بارودۆخەی کە ڕاهێنانەکە تێیدا ئەنجام دەدرێت، پێوەری ئەدای پێویست بۆئەدای کارکردن. (توفیق, 2007)

### 3.2 بنەماکانی بنیاتنانی پرۆگرامی ڕاهێنانی:

کۆمەڵێک بنەما هەیە دەبێت لەبەرچاوی بگرێت لە کاتی پلاندانان بۆ دارشتنی پرۆگرامی ڕاهێنانی:

1. دیزاینی پرۆگرامی ڕاهێنان دەبێت چەند هەنگاوێک لەبەرچاوبگیرێت لەکاتی دیزاینکردن وەکو ناونیشانی بەرنامەی ڕاهێنان وئامانجەکانی بەرنامەی ڕاهێنان وە دیاریکردنی لێهاتوویە پێویستەکان وناوەڕۆکی بەرنامەی ڕاهێنان دیاری بکرێت.

2. ئامانجەکانی پرۆگرامی ڕاهێنان دەبێت ئامانجەکان ڕوون بێت وگونجاو بێت، لە سنوورو تواناادا بن وبتوانریت پیوانە بکرێت.
3. شێوازەکانی جێبەجێکردنی پرۆگرامی ڕاهێنان لە خولی قوتابخانەکان ووەرشەی پەروەردەیی وچالاکیی تاکەکەسی یان کۆمەڵی وپرۆگرامەکان لە پەیمانگاکانی ڕاهێنان وگەشەپێدانی پەروەردەیی دا.
4. کاتی جێبەجێکردنی بەرنامەی ڕاهێنانی دەکرێت لە پشووی بەهار یان هاویندا ودوای کۆتایی هاتنی مەشقکردن لە قوتابخانەکەی.
5. بەڕێوەبردنی پرۆگرامی ڕاهێنان لە لایەن سەرپەرشتیاری پەروەردەیی یان پسپۆڕیی پەروەردەیی بەڕێوەبەری پەیمانگای ڕاهێنان یان یەکێک لە پسپۆڕانی بواری ڕاهێنان دەبێت.
6. هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی ڕاهێنان لە کاتی تاقیکردنەوەی پراکتیکی وزارەکی ونووسینەکی وگفتوگۆ وتوێژینەوە ولێکۆڵینەوە وهەڵسەنگاندن پێش جێبەجێکردنی پرۆگرامی ڕاهێنان (تاقیکردنەوەی پێشەکی)، هەڵسەنگاندن لەکاتی جێبەجێکردنی پرۆگرامی ڕاهێنان وهەڵسەنگاندن دوای کۆتایی پرۆگرامی مەشقکردن. (الجبوری and الفتمي, 2009: 194)

### 4.2 هۆکارەکانی پلاندانان بۆ پرۆگرامی ڕاهێنان:

1. سەبارەت بەو ئامانجانەی کە پرۆگرامی ڕاهێنانیان بۆ داڕێژراوە، ئەوانیش بریتین لە:
2. ڕەنگە پرۆگرامی ڕاهێنانی ئاراستەی ئەو مامۆستایانە بکرێت کە کەم ئەزموونن بۆ ئەوەی ببنە مامۆستای سەرکەوتوو کە بە متمانە وگەشبینییەوە دەست بە کارەکانیان بکەن.
3. پرۆگرامی ڕاهێنان پلانی ئەوەیە بۆ بەدەستهێنانی کارامەیی نوێ لە ئەنجامی پەرەپێدانی شێوازی وانەوتنەوە وتەکنیکە پەروەردەییەکان وگەشەپێدان لە پرۆسەی پەروەردەیی دا.
4. پلانی پرۆگرامی ڕاهێنانی یارمەتی ڕاهێنراو بدات بۆ گەشەکردنی پیشەیی یان گۆڕینی پسپۆڕی، ئەم ڕاهێنانە زۆربەی کات ماوەکەی درێژە لە ساڵێکەوە تا سێ ساڵە. (الأحمد, 2005)

### 5.2 مەرجەکانی پلاندانانی پرۆگرامی ڕاهێنان:

1. پرۆگرامی ڕاهینانی دەبێت جگە لە زانیاری تیۆری چالاکی پراکتیکی لەخۆ بگرێت.
2. ئامانجەکانی پرۆگرامەکە دەبێت زۆر ورد بێت، هەروەها شێوازی ڕاهێنان وهەڵسەنگاندن وئامرازەکان دیاری کراوبێت.
3. پرۆگرامی ڕاهێنان دەبێت لە شێوازەکانی ڕاهێناندا هەمەچەشن بێت، کە لایەنی پراکتیکی وتیۆری لە خۆ بگرێت.
4. پێویستە کاتی ڕاهێنانەکان لەگەڵ ڕاهێنراوان وکارەکانیان بگونجێت. (سنقر, 1996)

### 6.2 تەکنیکی وێنەکێشان لە سەر ڕووی ئاو (Paper marbling):

زانیارییەکان سەبارەت بە مێژووی هونەری وێنەکێشان لە سەر ڕووی ئاو (Paper Marbling) یان (Ebru) ڕوون نییە، لەوانەیە هۆکارەکەی ئەوە بێت کە هونەرمەندان واژۆی خۆی نەخستۆتە ژێر کارەکەیەوە. زانراوە کە کارەکانی نیگارکێشانی کاغەز لە سەدەی ١٦ لە ژاپۆن وهیندستان ئەنجام دراون، لە کۆتایی سەدەی ١٦ هونەری ئیبرۆ (Paper Marbling) کە بە "کاغەزی تورکی، کاغەزی مەڕمەڕی تورکی" ناسراوە ولە ئەوروپا بینراوە، (DERMAN, 1994).

وێنەکێشان لە سەر ڕووی ئاو لە ئەوروپا بە (Marbling Art) وبە زمانی عەرەبیدا بە (فن الترخيم) ناسراوە هەروەها لە تورکیا بە هونەری ئیبرۆ (Ebru Art) ناسراوە، (محمد, 1994).

ابرو: وشەیەکی فارسییە لە دوو برگە پێکدێت "اب" بەمانای ئاو دێت "رو" بە واتای ڕووخسار دێت وبەم شێوەیەش بە واتای ڕووخساری ئاو دێت، ابر: وشەیەکی فارسییە بە واتای هەور دێت ولە زمانی تورکیدا بە واتای کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ دێت، یان کاغەز وقوماش کە بە ڕەنگی جیاواز ڕەنگ کراوە بە شێوەیەکی شەپۆلاوی کە لە برۆی چاو دەچێت. هەروەها لە زمانی تورکیدا بەم واتایەش دێت، کاغەز یان قوماشی ڕەنگاوڕەنگ کە لە ڕووپۆشکردنی کتێب ودەفتەردا بەکاردێت ویەکێکە لە جوانترین هونەرە ناسراوەکان (خليل, 2010). ئەو هونەرە بە (ابرو) ناو براوە وناسراوە بەوە کە هاتووە بۆ ئەنادۆڵ لەگەڵ تورکەکان ( Pelit and Türkoğlu, 2019) .

هونەری ئیبرۆ چەند سەدەیەک لە جیهانی ئیسلامیدا ولە ئەفغانستانەوە تا ئەستەنبوڵ وتەنانەت بەڵقان لە دروستکردنی چوارچێوە وباکگراوند بۆ خۆشنووسی عەرەبی وفۆتۆگرافی بەکارهاتووە. بۆچوونێک هەیە دەڵێت یەکەم دەرکەوتنی هونەری ئیبرۆ

لە سەدەی (١٢) کە ناو دەبرا بە (Suminagashi) بە واتای ڕەنگی سەرئاو کەوتوو، ڕەنگیان لە سەر ئاو دادەنا وشێوەیان لێ درووست دەکرد پاشان دەگوازرایەوە سەر ڕووی کاغەز، نموونەکان بە شێوەی دوکەڵ دەردەکەوتن.

هونەری ئێبرۆ (Paper Marbling) نەوە بۆ نەوە دەگوازرێتەوە لەلایەن نوێنەرانی هونەرەوە لە ژیانی کولتووریدا، لە وۆرک شۆپەکاندا لەلایەن ڕاهێنەرانەوە، لە ناوەندەکانی پەروەردەی گشتی لەلایەن مامۆستایانەوە لە قوتابخانەکاندا (ARAL, 2020). هەروەها (Paper Marbling) وەک یەکێک لە گرنگترین هونەرەکانی ڕازاندنەوەی کاغەزکە بەهایەکی بەرزی جوانی وهونەرە (Balibeyoǧlu, 1998).

### 1.6.2 کاریگەری تەکنیکی وێنەکێشان لە سەر ڕووی ئاو (Paper Marbling) یان (Ebru):

جگە لە بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە لە بواری وێنەکێشان وبە پێی ئەو توێژینەوانەی پێشوو تر کە بۆ دیاریکردنی کاریگەرییەکانی هونەری ئێبرۆ (Paper Marbling) یان (Ebru) کە وەک چارەسەری هونەریش بەکاردەهێنرێت لەسەر پەروەردە وگەشەکردنی ڕۆحی منداڵان، سوودەکانی وەک فێربوونی ئارامگری، ڕەسەنایەتی لە تاقیکردنەوەی تەکنیک وفۆڕمی جیاواز هەروەها پێدانی دەرفەت بۆ دەرککردن بە خۆیان وچۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ فشار ودابینکردنی ئارامیی دەروونی (Gür, 2012). هەروەها ڕاهێنان لە سەر (Paper Marbling) دەرفەت دەداتە کارپێکەر بۆ هەڵبژاردنی ڕەنگی خوازراو ودروستکردنی شێوەی جیاواز بە بەکارهێنانی ماددەی جیاواز. ئەمەش وا لە تاک دەکات کە هەستی متمانە بەخۆبوون پەرە پێبدات وهەر بۆیەش دەتوانێت کاریگەری ئەرێنی لەسەر بوارەکانی تری گەشەکردن هەبێت. ئەو ڕەنگ وشێوە جیاوازانەی کە لە هونەری ئێبرۆ (Paper Marbling) دا بەکار دەهێنرێت سەرنجی منداڵان زیاد دەکات وبەشدار دەبێت لە پەرەپێدانی توانای دەست ڕەنگین وتوانای بینینی (Aral et al., 2012). هەروەها کاریگەری هەیە لەسەر تەندروستی هزری ودەروونی وهێورکردنەوەی ئاستی دڵەراوکێ وباشترکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە لای تووشبوانی شیزۆفرینیا (فصام) شڵەژانی ودوو جەمسەری بوون (لاضطراب ثنائي القطب) (Akhan and Atasoy, 2017) ونەهێشتنی بیرکردنەوەی نەرێنی وحەسانەوە متمانە بەخۆبوون وپلاندانان بۆ داهاتوو لای تووشبوان (PTSD) (Aktaş Özkafacı and Eren, 2020).

### 2- توێژینەوەکانی پێشوتر:

### توێژینەوەی (عبداللەغیدان, 2008)

بە ناونیشانی پرۆگرامێکی پەروەردەیی بۆ دابینکردنی لێهاتوویی بەکارهێنانی ڕەنگی ڕۆنی لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری). ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەکە دارشتنی بەرنامەیەکی پەروەردەیی بوو لەسەر لێهاتوویی بەکارهێنانی بۆیەی ڕۆنی لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری، پاشان پێوانەکردنی کاریگەریەکەی لە دابینکردنی لێهاتوویی پێویست بۆ خوێندکارانی. نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە خوێندکارانی قۆناغی سێیەم لە بەشی پەروەردەی هونەر / کۆلێژی هونەرەجوانەکان زانکۆی بەغدا کە ژمارەیان (١٣) خوێندکاری (نێر ومێ)، کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لە (٤٠) خوێندکاری کۆمەڵگای توێژیەوەکە هەڵبژێردرا بوون، بە مەبەستی ئەوەی تاقیکردنەوەی توێژینەوەکە، ئامرازەکانی توێژینەوەکە بریتیبوون لە دوو تاقیکرنەوە یەکێکیان بۆ پێوانەکردنی ئاستی زانیارییە مەعریفیەکان، دووەمیان بۆ پێوانەکردنی ئاستی جێبەجێکردنی لێهاتووی وێنەکێشان بە ڕەنگی ڕۆنی. گرنگترین نجامەکانی توێژینەوەکە گونجاوی پرۆگرامی پەروەردەییە لە دابینکردنی ئەو لێهاتووییە تەکنیکیانەی کە پێویستە بۆ وێنەکێشان لای خوێندکاران بە بەکارهێنانی ڕەنگی ڕۆنی بەهەردوو ورەهەندە مەعریفی و لێهاتووی.

### توێژینەوەی (دغمش, 2014)

ئامانجی توێژینەوەکە بنیاتنانی پرۆگرامێکی ڕاهێنان بوو، هەروەها زانینی کاریگەرییەکەی لە پەرەپێدانی تواناکانی دارشتن و بەرهەمهێنانی فایلێکی دەستکەوتی ئەلیکترۆنی و ئاڕاستەی خوێندکاران بەرامبەری. کۆلێجی پەروەردە لە زانکۆی ئیسلامی لە غەززە. توێژەر لیستی کارامەییەکانی بۆ دیزاینکردن و بەرهەمهێنانی فایلە ئەلیکترۆنییەکە ودەستکەوتەکان ئامادەکرد. هەروەها هەستا بە ئامادەکردنی ئامرازەکانی توێژینەوەکە کە پێکهاتبوو لە تاقیکردنەوەی مەعریفی، کە لە (٤٣) بەندی تاقیکردنەویی لە جۆری فرە هەڵبژاردن وئامادەکردنی کارتی تێبینی وپێوەری ئاراستە بۆ ئەم مەبەستە توێژەر هەستا بە بنیاتنانی پرۆگرامی ڕاهێنانی خوێندکاران بۆ بۆ پەرەپێدانی تواناکانی دیزاینکردن و بەرهەمهێنانی فایلێکی دەستکەوتی ئەلیکترۆنی. توێژەرەکە نمونەیەکی بە مەبەست لە خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی ئیسلامی هەڵبژاردووە کە ژمارەیان (١٧) خوێندکار لە ساڵی خوێندنی ٢٠١٢-٢٠١٣. بەپێی سروشتی توێژینەوەکە، توێژەر ڕێبازی بونیادگەرایی بەکارهێناوە بۆ بنیاتنانی بەرنامە پێشنیارکراوەکە بۆ پەرەپێدانی تواناکانی

دیزاینکردن وبەرهەمهێنانی فایلە دەستکەوتە ئەلیکترۆنییەکان و ئاراستەیان بەرامبەری، هەروەها ڕێبازی ئەزموونی لەگەڵ بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی پێشەکی وتاقیکردنەوەی پاشەکی لە سەر سامپلی توێژینەوەکە. توێژینەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە جیاوازی هەیە لە لایەنی مەعریفی، هەروەها لە ئەدای پراکتیکیدا، هەروەها لە ئاراستە بەرەو لێهاتووییەکانی دیزاینکردن وبەرهەمهێنانی فایلە دەستکەوتە ئەلیکترۆنییەکان دوای جێبەجێکردنی پرۆگرامی.

**توێژینەوەی (ÇALIŞKAN, 2017)**

به ناونیسانی فێربوون دەربارەی مۆدێل بە هونەری مەڕمەڕی تورکی (Paper marbling). ئامانجی توێژینەوەکە ناساندنی مامۆستایان پێش ئەزموونی توێژینەوەکە بە شێوازی فێرکردنی بینراو و هونەری کە زانست و هونەر تێکەڵ دەکات کە دەتوانن سوودی لێ وەربگرن لە وانەکانی زانست و فیزیا وە وانەیەکی پڕ چالاکی وچێژ بەخەش پێشکەش بکات بە خوێندکاران بەمەبەستی تێگەیشتن لە چەمکی ئەبستراکت تا ڕادەیەکی زۆر. ڕێبازی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە بەرهەمهێنانی مۆدێلی ئەتۆمی دالتۆن، تۆمسۆن هەروەها مۆدێلی ئەتۆمی مۆدێرن بە هونەری ئێبرۆ (Paper Marbling) ، بە بەکارهێنانی ئامێرێکی کانزایی نووک ورد بۆ دابەزاندنی ڕەنگەکان بۆ سەر ڕووی ئاوەکە وپاشان گواستنەوەی ڕەنگەکان لە سەر ڕووی ئاوەکە بۆ سەر کاغەز ودروستکردنی شێوەی مەڕمەڕی کە مۆدێلی ئەتۆمەکە نیشان دەدات. پێش ئەزموونەکە کەرەستەو پێداویستییەکانی هونەری ئێبرۆ ( Paper Marbling) ئامادەکران، ئەم چالاکییە بۆ یەکەمجار لەگەڵ (٤٠) مامۆستای زانست لە ناوچە جیاجیاکانی تورکیا لە چوارچێوەی پرۆژەی "چالاکییەکانی مامۆستایانی زانست لە ئیزمیر چالاکی فێرکاری پەروەردە و بە پاڵپشتی (٤٠٠٥) ی ئەنجوومەنی توێژینەوەی زانستی و تەکنەلۆژی تورکیا ئەنجامدرا وە بۆجاری دووەم کاندید لە (٥٢) مامۆستای فیزیای ساڵی یەکەم کە لەزانکۆیەکی دەوڵەتی تورکیا خولێکی پێشەکی فیزیایی خوێندووە، گۆڕانکاری لەوێنەکێشان و لێکدانەوەکانی مۆدێلە ئەتۆمییەکانی پێش خزمەتگوزاری و دوای چالاکی ئەوەش خراوەتەڕوو، لە کۆتایی توێژینەوەکە تێبینی کرا کە زۆربەی مامۆستایانی فیزیا پێش خزمەت توانیویانە مۆدێلەکان بە ڕێکوپێکی مێژوویی دروست بخەنە لیستی مۆدێلەکانەوە و وێنەکێشانیان بۆ مۆدێلەکە هاوئاهەنگ بووە لەگەڵ مۆدێلی زانستی.

**توێژینەوەی (ÖZCAN et al., 2018)**

ئامانج لە توێژینەوەکە دیاریکردنی کاریگەری میدیاکانە لەسەر هۆشیاری هونەری ئێبرۆ یان (Paper Marbling) لای خوێندکارانی قۆناغی ناوەندی. گریمانەیی ئەم توێژینەوەیە بریتیە کە ئایە میدیاگەری کاریگەری هەیە لەزیندوویی هێشتنەوەی هونەری ئێبرۆ (Paper Marbling) لەڕێگەی گواستنەوەی وەک میراتێکی کەلتووری لەسەر نموونەیەک کە لەسەر ئاستی ئامادەیی دیاریکراوە. نموونەی توێژینەوەکە بریتیە لە (١١١) نێر (١٣٨) مێ. لە کۆتایی توێژینەوەکەدا ئەوە دیاری کراوە کە میدیا -بەتایبەت پلاتفۆرمەکانی هاوبەشکردنی ڤیدیۆ و سۆشیال میدیا لە ڕووی گواستنەوەی کولتوورییەوە جێگەیەکی گرنگیان هەیە، هەرچەندە قوتابخانەکان گرنگی خۆیان هەیە لە پاراستن و گواستنەوەی میراتی کولتووریدا.

**توێژینەوەی(Gür, 2012)**

ناو نیشانی توێژینەوەکە (مەڕمەڕکردنی تورکی و منداڵانی بەهرەمەند)، منداڵانی بەهرەمەند تایبەتمەندی وهەڵوێست ورەفتاری جیاواز نیشان دەدەن نەک تەنها لە هاوتەمەنەکانیان بەڵکو لە یەکتریشەوە. هەرچەندە ناوهێنانی هونەری مەڕمەڕی تورکی (Paper Marbling) یان (Ebru) وەک هونەرێکی سەخت لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکاندا باس دەکرێت وبۆ منداڵان بەکاربهێنرێت. دەکرێت هونەری مەڕمەڕکردن (Paper Marbling) یان (Ebru) بکرێتە چالاکیەکی چێژبەخش بە پێدانی دەرفەت بە منداڵەکان بۆ دۆزینەوەی تایبەتمەندییە جیاوازەکانی مەڕمەڕکردن وبە ناچارنەکردنیان بە بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە بە شێوەیەکی تەواو. چالاکییەکانی هونەری ئێبرۆ (Paper Marbling) کە لەگەڵ منداڵان ئەنجام دەدرێن دەریدەخەن کە چێژ بەخشە بۆ منداڵانی پێش قوتابخانە وسەرەتایی وحەز دەکەن بە بەشداری ئەم چالاکییە چونکە ئەم توێژینەوەیە دەریدەخات کە ئەم تایبەتمەنییانەی خوارەوە پەرەپێدەدات، وەکو ڕەسەنایەتی، فێرکردنی سەبر، تاقیکردنەوە، ڕێگەدان بە کاری جیاوازدا لە ئاستی توانا جیاوازەکاندا، ئیسراحەتکردن و چاکبوونەوەی دڵەڕاوکێ، گونجاندی گروپە تەمەنیە جیاوازەکان، پێدانی چانس بۆ پێشکەوتنی کەسی لەگەڵ پێداویستییەکانی منداڵانی بەهرەمەند دەگونجێت بەم شێوەیە زۆر سوودبەخشە بۆ ئەم منداڵانە. بۆیە وا بیردەکرێتەوە کە ڕەنگە هونەری ئێبرۆ (Paper Marbling) بەشدارییەکی گرنگ بکات بۆ گەشەکردنی منداڵانی بەهرەمەند.

#### 2.6.2 کەرەستەو وئامرازەکانی وێنەکێشان لەسەر رووی ئاو:

1. **کەتیرە:** کەتیرە لەگەڵ ئاودا تێکەڵ دەکرێت بەکاردێت بۆ دروستکردنی گیراوەیەکی خەست بە مەبەستی ئەوەی ڕەنگەکان لەسەر ڕووی گیراوەکە جێگیربێت. کەتیرە لە قەدی ڕووەکێکی دڕکاوی دەستدەکەوێت کە بە شێوەیەکی سروشتی لە گردەکانی ئەنادۆڵ وئێران وچیاکانی هەرێمی کوردستان وتورکستان گەشە دەکات ئەم ڕووەکە پێی دەوترێت (جافن)، هەروەها جۆرێکی تری کەتیرە هەیە بە ناوی (Carrageenan)کە لە جۆرێک لە قەوزەو سووری دەریایی دەردەهێرێت.
2. **ڕەنگەکان:** ڕەنگەکانی بەکار هاتوو لە هونەری وێنەکێشان لە سەر رووی ئاو ئامادە دەکرێت لە ئۆکسیدی کانزای سروشتی کە ناو خاک دەست دەکەوێت ، ڕەنگی سپی لە ئۆکسیدی زنک. وتیتانیۆم، ڕەنگی زەرد لە گۆگرد وئۆکسیدی ئاسنی زەرد، ڕەنگی سوور لە ئۆکسیدی ئاسن ورەنگە ئۆرگانییەکان وەکو (قرمز) لە مێرووی قرمز دەردەهێنرێت، ڕەنگی شین بریتیە لە ڕەنگی الانديجۆ (Indigo Dye)، ڕەنگی سەوز بە تێکەڵکردنی گۆگردی زەرنیخی زەرد لەگەڵ شینی انديجۆ(الدمرداش et al., 2018) .
3. **حەوز یان دەفر:** حەوز لە سەردەمی عوسمانیدا لە دار سنەوبەر دروستکراوە بە شێوەیەکی باو بەکارهاتووە ، لەکاتێکدا حەوزی یان دەفری لاکێشە لە ئەلەمنیۆم، پلاستیک یان کانزای گالڤانایزد لەم دواییانەدا بەکاردەهێنرێت (Erdinç, 2011)، پێوانەی دەفر یان حەوزی بەکار هاتوو (٣٥×٥٠) سم ، بە قووڵی (٥ بۆ ٦) سنتیمیتەر بێت.
4. **ئاو:** ئەو ئاوەی کە بەکار دێت بۆ دروستکردنی گیراوەکە دەبێت کالیسیۆم تێدا نەبێت کە دەبێتە هۆی کاڵبوونەوەی ڕەنگەکان، هەروەها ئۆزۆنی تێدا نەبێت کە دەبێتە هۆی دروستبوونی کەف لە لەگەل کەتیرەکە وهەروەها دەبێتە هۆی تێکچوونی ئاوەکە هەروەها ئاوی نموونەیی بە گشتی بریتیە لە ئاوی دڵۆپێنراو وکلۆری تێدا نەبێت.
5. **فڵچە:** ئەم هونەرە پێویستی بە جۆرێکی فڵچەی تایبەتە کە دروست دەکریت لە مووی مل یان کلکی ئەسپ و وڵاخی دیکە کە بەستراوە بە چوار دەوری دارێکی ناو بۆش لە داری گوڵباخ چونکە بەرگری لە تووش بوون بە کەرو دەگرێت، فڵچەکان بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ ڕشاندن و پرژاندنی ڕەنگەکان لەسەر ڕووی گیراوەکە بەکاردەهێنرێن (Ekelik, 2019).
6. **کاغەز:** بریتییە لە کاغەزی دروستکراو کە توانای هەڵمژینی بەرزە، لە ئێستادا هەموو جۆرە کاغەزێک بەکاردەهێنرێت، بەمەرجێک کە ڕوپۆش نەکرابێت هەروەها کاغەزی چارەسەر کراو بە (سەلفات پۆتاسیۆم وئەلمنیۆمی) پاشان دوای ڕەنگ کردن پێویستە بە باشی ئاوی پیا بکرێت.
7. **زەرداوی زراو:** گرنگترین ماددەیە کە لە هونەری وێنەکێشان لە سەر ڕووی ئاو بەکاردێت بۆ وزیادکردنی توانای ڕەنگەکان و وەستانی ڕەنگەکان وڕێگریکردن لە تێکەڵبوونی ڕەنگەکان لەگەڵ یەکتر بەو پێیەی لە هونەری ئیبرۆ (Ebru) بەکارهاتووە وڕێگری دەکات لە تێکەڵبوونی ڕەنگەکان(Güven, 2015).
8. **دەرزی:** ئامرازێکی بنەڕەتی شێوەدانانە، لە ڕابردوودا لە مس دروستکراوە، ئێستاش لە ئەلەمنیۆم یان پۆڵا دروستکراوە، ودەخرێتە ناو پارچە دارێکەوە بەجۆرێک کە بە ئاسانی بەدەستەوە بگیرێت وشێوەو جوڵەکانی پێ دەکرێت ( Barutçugil, 2010).

### 3- ڕێکارییەکانی توێژینەوە:

#### 1.3 مێتۆدی توێژینەوە:

توێژەر ڕێبازی ئەزموونی گرتەبەر، بەو پێیەی لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکەدا دەگونجێت، (العمر, 2001).

#### 2.3 کۆمەڵگای توێژینەوە:

کۆمەڵگەی توێژینەوەک بریتیە لە خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر - کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانکۆی سلێمانی بۆ ساڵی خوێندن (٢٠٢٢ - ٢٠٢٣).

#### 3.3 سامپلی توێژینەوە:

توێژەر شێوازی هەڕەمەکی سادەی بە لەبەرچاو گرتنی ژمارەی خوێندکاری کور کچ لە سامپڵی توژینەوەکە لە ڕێگەی ناو نوسینی خوێندکاران کور وکچ لە سەر پارچە کاغەزێک لە ناو دوو تورەکەی جیاواز پاشان راکیشانی (١٨) خوێندکار لە هەردوو تورەکەکە و تەواو کردنی هەڵبژاردنی سامپڵی توێژینەوەکە کە بریتیە لە (١٨) خوێندکاری لە کۆی (٥٣) خوێندکاری قۆناغی جوارەم لە بەشی پەروەردەی هونەر - کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانکۆی سلێمانی بۆ ساڵی خوێندن (٢٠٢٢ - ٢٠٢٣٣).

#### 4.3 ماوەی توێژینەوەکە:

کات وماوەی توێژینەوەکە بریتییە لە وەرزی یەکەمی ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢ -٢٠٢٣) بۆ ماوەی (٨) هەفتە، هەر هەفتەیەك یەك وانە وهەر وانە یەك (3) کاتژمێر

**5.3 سەلامەتی ناوخۆیی دیزاینی توێژینەوە:**

توێژەر دڵنیا دەبێت لەوەی کە توانیوەتی فاکتەری ناوخۆیی لە توێژینەوەکەدا کۆنترۆڵ بکات، بۆ ئەوەی هیچ کاریگەرییەک لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ (متغیر تابع) جگە لەو کاریگەرییەی کە بەهۆی گۆڕاوی سەربەخۆوە دروست بووە (الزوبعي, 1978)رێکخستنی هۆکارە ناوخۆییەکان بەم شێوەی خوارەوەبوو.

**1.5.3 بارودۆخی تاقیکردنەوەکە و ڕووداوەکانی لە کاتی توێژینەوە:**

توێژەر هەوڵی تەواوی داوە کە بە درێژایی ماوەی تاقیکردنەوەکە هەمان هەلومەرجی جەستەیی ودەروونی بۆ سامپڵی توێژینەوەکە دابین بکات.

**2.3.5 پرۆسەکانی پەیوەست بە پێگەیاندن:**

پشتبەست بە شێوازی هەڕەمەکی لە هەڵبژاردنی سامپڵی وێژینەوەکە لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە وئەنجامدانی توێژینەوەکە لە ماوەی یەک کاتدا ولە ژێر بارودۆخی هاوشێوەدا کاریگەری پرۆسەکانی پەیوەست بە پێگەیاندن لەسەر ئەزموونی توێژینەوەکە بچووکردۆتەوە تا دەتوانرێت.

**3.5.3 ئامرازەکانی پێوانەکردن وڕێکارەکانی تاقیکردنەوە پێشەکی:**

توێژەر هەستا بە ئەنجامدانی ڕێکارەکانی وتاقیکردنەوەی پێشەکی لە سەر سامپڵی توێژینەوەکە لە ماوەی دیاریکرا ولە ژێر هەمان بارودۆخی جەستەیی ودەروونیدا تا ئەو ڕادەیەی کە دەکرێت.

**4.3.5 لەناوچونی ئەزموونی (الاندثار التجريبي) :**

هیچ خوێندکارێکی سامپڵی توێژینەوەکە لە ماوەی توێژینەوەکە دەستبەرداری ئەزموونەکە نەبووە.

**6.3 سەلامەتی دەرەکی:**

توێژەر بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی ئەم سەلامەتییە ئەم هۆکارانەی خوارەوەی کۆنترۆڵ کردووە:

**1.6.3 کارلێکی کاریگەری گۆڕاوە سەربەخۆکە لەگەڵ لایەنگری بۆ تاقیکردنەوە ئامارێکان:**

هەڵبژاردنی ئەندامانی سامپڵی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی وهاوتا کردنیان لە رووی تەمەن، ئاستی زیرەکی، تاقیکردەوەی پێشەکی کاریگەری نەرێنی یان ئەرێنی لەسەر ئەنجامی توێژینەوەکە کەم دەکرێتەوە تا ڕادەی نەمان وە دەرکەوتنی ئەم کاریگەرییە دەبێت راستکردنەوە (تصحيح) لە سامپڵی توێژینەوەکە بکرێت بۆ کەمکردنەوەی ئەو کاریگەریە.

**2.6.3 کاریگەری ڕێکارە ئەزموونییەکان:**

توێژەر هەستا بە وانەوتنەوەی سامپڵی توێژینەوەکەی بە راستگۆیی وگرنگی وردییەوە پاراستنی کەشوهەوای ئاسایی وانەوتنەوە بە درێژایی تاقیکردنەوەکە.

**3.6.3 کاریگەری فرە گۆڕاوە سەربەخۆکان:**

پشتبەستنی تاقیکردنەوەکە بە دیزاینێک کە یەک گۆڕاوەی سەربەخۆ لەخۆ بگرێت کە بریتییە لە فێرکردن بە بەکارهێنانی میتۆدێکی تەکنیکی پەروەردەیی دیاریکراو

**7.3 ئامرازکانی توێژینەوەکە:**

**1.7.3 بنیاتنانی پرۆگرامی ڕاهێنانی:**

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە وتاقیکردنەوەی راستگۆیی گریمانەکانەکان، توێژەر بۆ بنیاتنانی پرۆگرامی ڕاهێنانی بەپێی سەرچاوەی زانستیەکان وبشت بەست بە کۆمەڵێک هەنگاو ورا وەرگرتنی پسپۆڕان پرۆگرامەکە دەستنیشانکرا وپێداویستییەکانی ڕاهێنان وئامانجەکانی پرۆگرامەکە دەستنیشانکران بۆ ئەوەی ناوەڕۆکەکە ئامانج وچالاکییە پەروەردەییەکان بەدەست بهێنێت کە بۆ جێبەجێکردنی پرۆگرامەکە بەکاردەهێنرێن، هەڵبژاردنی رێگای گونجاو بۆ هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکان، ئەمەش بەپێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوەیە:

**یەکەم: قۆناغی شیکردنەوە (Analysis):**

دیاریکردنی ئاستی پێداویستییەکانی خوێندکاران لەهەر قۆناغێکدا لە بەشی پەروەردەی هونەر بۆ پرۆگرامێکی ڕاهێنانی کە گەشە بە بەهرەی وێنەکێشان دەدات و ئامادەکردنی پرۆگرامی ڕاهێنان بۆ ڕاهێنانی خوێندکارانی قۆناغی چوارەم.

**دووەم:قۆناغی دیزاین (Design):**

کۆمەڵێک هەنگاو لەخۆدەگرێت کە توێژەر لە ژێر رۆشنایی ئەو زانیاریانەی کە لە مۆدێلی گشتی دیزاینی فێرکاری (کمپ) وەرگیراون پەیرەوی کردووە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

- **داڕشتنی ئامانجەکانی پرۆگرامی ڕاهێنانی یەکە:**

پەرەپێدان وگەشەپێدانی شارەزایی وێنەکێشان وپەرەپێدانی توانای تەواوکردنی کاری هونەری نوێ بەو تەکنیکە نوێیەی کە دەستنیشان کراوە وخستەنە گەڕی لێهاتووییەکان وفیستیڤاڵ وپێشانگاکاندا.

- **ئامانجە تایبەتیەکانی پرۆگرامی ڕاهێنانی یەکە:**

بەرزکردنەوەی توانای لێهاتووی خوێندکار بۆ گۆڕینی بیرۆکەی هونەری بۆ دەستکەوتێکی هونەری ولە توانایدابێت بۆ بەرەوپێشبردنی هەنگاوی لۆژیکی بۆ کاری هونەری وبیرکردنەوەی دروستی هەبیت بۆیاساکانی پلانەکە وجێبەجێکردنی وتێگەیشتنی دروست لە بەکارهێنانی ڕێگاو کەرەستەکان وشێوازی کارکردن پێش ئەوەی پلانەکە جێبەجێ بکرێت وتوانای دەستنیشان کردنی هەڵەکانی لە کاتی پراکتیزەکردن.

- **ئامانجە رەفتارییەکانی پرۆگرامی ڕاهێنان:**

پرۆسەی پێناسەکردن وداڕشتنی ئامانجە پەروەردەیی ورەفتارییەکان ئەو بنەمایەیە کە دیزاینی بەرنامەی پەروەردەیی لەسەر بنیات دەنرێت ومەرجەکانی فێربوون کە لەگەڵ هەر ئامانجێکی گونجاوە دادەنرێت، واتە ئامانجەکان ئەوانەن کە ڕێنماییمان دەکەن بۆ ئەوەی کە پێویستە بەدەستی بهێنین لە ئەنجامی پرۆسەی پێوانە وهەڵسەنگاندا وەک دەرئەنجامەکانی پرۆسەی پەروەردەیی. ئامانجی گشتی لەناو بابەتی پەروەردەی هونەردا دۆزیەوە کە لەم قۆناغەدا بڕیاری لەسەر دراوە ئاماژە بە بەدەستهێنانی هەندێک کارامەیی وێنەکێشان ودیزاین وسەلیقەی هونەری خوێندکاران دەکات، ناوەڕۆکیان ئاماژەیە بۆ توێژەرەکە پەنای بردە بەر بنیاتنانی ئامانجە پەروەردەییەکان بەپێی پێداویستییەکانی دیزاینی پەروەردەیی بەگشتی وبەپێی ناوەڕۆکی پەروەردەیی بەرنامەی ڕاهێنان کە لە توێژینەوەکانی ئێستادا ئامادەکراوە وبەپێی کۆنتێکستەکانی خوارەوە.

ئامانجی ئەدای پەروەردەیی دەربڕینێکی وردی بۆئەو توانایە یە کە خوێندکاران بەدەستی دەهێنێت لە ئەنجامی فێرکردندا ودەتوانرێت تێبینی بکرێت لە شێوەی ئەدای خوێندکارەکە. ئامانجی ئەدای باش ئەو ئامانجەیە کە دەرئەنجامە خوازراوەکانی فێربوون بە وردی وڕوونی وبێ دوو دڵی پێناسە دەکات.

**سێیەم: قۆناغی پەرەپێدان (Development):**

- **ئامادەکردنی ناوەڕۆکی پرۆگرامی ڕاهێنانێکە:**

لە ڕۆشنایی ئەو ئامانجانەی بۆ بەرنامەکە دانراوە توێژەر ناوەڕۆک وئەزموون وچالاکی هەڵبژاردووە وکە دەکرێت لە ڕێگایەوە ئامانجەکان بەدی بهێنرێت وتوێژەر توێژینەوە وئەدەبیاتی پێشووتر لەسەر بابەتەکە بەکارهێناوە وناوەڕۆکی بەرنامەکەی بەو شێوەیە ڕێکخستووە:

- **پلانی ناوەڕک (تخطيط المحتوى):**

دیاریکردنی ناوەڕۆکی پرۆگرامە ڕاهێنانییەکە یەکێکە لە گرنگترین قۆناغەکانی پلاندانانی بەرنامەی ڕاهێنان ول لە ژێر ڕۆشنایی ئامانجی تایبەتی بەرنامەی ڕاهێناندا دیاری دەکرێت ورەچاوی هەڵبژاردن وئامادەکردنی ناوەڕۆکەکەی کردووە لە رووی گونجاندن لەگەڵ ئامانجەکانی پرۆگرامی ڕاهێنانییەکەدا وگشتگیرکردنی ناوەڕۆکی پرۆگرامی ڕاهێنانییەکە بۆ گەشەسەندنی زانین ولێهاتوویی لای خوێندکار، هەروەها بتوانرێت هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت وە پەرەپێدانی بەهرەی وێنەکێشانی خوێندکار بەدەست بهێنرێت.

- **ڕێکخستنی ناوەرۆکی پرۆگرامی ڕاهێنانییەکە:**

ڕێکخستنی ناوەڕۆکی پرۆگرامی ڕاهێنان لە (8) وانەی کرداری هەر وانەیەک (٣) کاتژمێر لە ژێر ڕۆشنایی.

- **ڕێگە یان تەکنیکی بەکارهاتوو لە پرۆگرامە ڕاهێنانی یەکە:**

توێژەر تەکنیکی (Paper Marbling) ی بەکارهێناوە بۆ ئاسانکردنی گەیاندنی زانیاری بە خوێندکارانی سامپڵی توێژینەوەکە

- **ئامرازە فێرکارییەکان کە بە کار دەهێنرێت لە پرۆگرامی فێرکارییەکە:**

ئامێری خستنە روو (Data Show Projector)، وێنە وڤیدیۆیەك دەربارەی تەکنیکەکە بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی بابەتەکە.

- **چالاكی پەروەردەیی وفیركاری بەكارهێنراو لە پڕۆگرامی راهێنانێكە:**

چالاكی تاكە کەسی کە بریتیە لە راهینانی پراكتیكی بۆ جێ بە جێکردنی كاری هونەری رێكاری تایبەت پەرپێدانی لێهاتووی وێنەكێشان بەشێوەیەک رەچاوی جیاوازی تاكە كەسی بكات لە نێوان خوێندكاران لە هۆڵی وێنەکێشان، راهێنانی جیاوازو جۆراوجۆر كە بەشێوەیەک جیاوازی تاكەكەسی لە نێوان خوێندكاران لەبەرچاو بگرێت وەک چالاكیەكی ئەركی ماڵەوە، هاندانی خوێندكاران بۆ پەرەپێدانی كارامەییەكان بە رووبەرووبوونەوەی كێشەكان لە كاتی ئەركی پراكتیكی وهاندانی خوێندكاران بۆ پێشنیار كردنی بیرۆكەی نوێ، پەرەپێدانی متمانەی خوێندكاران بۆ دەرهاویشتنی بیرۆكە وتوانای نوێ.

- **سنووری توێژینەوە وشوێنی جێبەجێكردنی چالاكییەكانی پرۆگرامی راهێنان:**

دەستنیشان كردنی كاتی جێبەجێکردنی پرۆگرامەكە بەپێی خشتەی وانەوتنەوە ودەستپێكردنی وەرزی یەكەمی ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣) ، ماوەی ئەنجامدانی توێژینەوەكە دابەشكرا بەسەر هەشت هەفتە، (٨) وانە، وهەر وانەیەک (٣) كاتژمێر. پاشان پێشنیار كراوە بۆ ئەنجام دانی تویژینەوەكە لە یەكێک لە هۆڵەكانی وێنەكێشانی بەشی پەروەردەی هونەر لە كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی - زانكۆی سلێمانی پێشنیاز كرا.

**چوارەم: قۆناغی جێبەجێكردن (Implement):**

ڕوونكردنەوەی وێنەكێشان بە تەكنیكی (Paper Marbling) پێش جێبەجێكردن بۆ دووركەوتنەوە لە هەڵە، ئامادەكردنی كەرەستە خاوەكان كە بەكاردەهێنرێن بۆ تەكنیكە كە لە توێژینەوەكەدا دیاریكراوە، جێبەجێكردنی وێنەكێشانی ئازاد لەسەر ڕووی ئاوەكە ودواتر گواستنەوەیان بۆ سەر هەر ڕوویەک كە لەسەری دابنرێت.

**پێنجەم: قۆناغی هەڵسەنگاندن (Evaluation):**

هەڵسەنگاندن بریتییەلە لە دەستنیشانكردنی كە تا چەند ئامانجەكانی پرۆگرامی ڕاهێنانییەكە بە گشتی بەدیهاتوون، بەم هۆیە وە توێژەر هەستا بە هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی ڕاهێنانییەكە بە چاودێریكردنی سامپڵی توێژینەوەكە لەكاتی جێبەجێكردنی تەكنیكی وێنەكێشان لەسەر ڕووی ئاو هەروەها چاودێركردنی خوێندكاران كە تا چەند لەگەڵ سروشتی تەكنیكەكە دەگونجێن وەڵامدانەوەیان چۆنە بۆ تەكنیكەكە، هەروەها هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی ڕاهێنانی دوای جێبەجێكردنی تەكنیكەكە لە هەموو وانەیەكدا بۆ زانینی ڕادەی كاریگەرییەكانی تەكنیكەكە لەسەر پەرەپێدانی تواناكانی وێنەكێشانی لای خوێندكاران هەروەها بەراوردكردنی ئەنجامی هەر وانەیەک لەگەڵ ئەنجامی وانەی ڕابردوو.

**شێوازەكانی هەڵسەنگاندنی::**

- **هەڵسەنگاندنی پێشەكی (تقويم القبلي):**

هەڵسەنگاندنی پێشەكی لە سەرەتای بەرنامەی ڕاهێنان پێش ڕوونكردنەوەی هەر بەشێک لە بابەتەكە ئەنجام دەدرێت وئەمەش لە ڕێگەی جێبەجێكردنی تاقیكردنەوەی مەعریفی بۆ پێوانەكردنی زانیاری زانستی لە پەرەپێدانی تواناكانی وێنەكێشان، وفۆڕمی پێوانەكردنی ئەدای پراكتیكی ئەنجامدەدرێت لە پەرەپێدانی تواناكانی وێنەكێشان، هەروەها پێوانەكردن بۆ ئاراستەی خوێندكاران بەرەو پەرەپێدانی توانا ولێهاتووی وێنەكێشان ئەنجام دەدرێت بە پێی فۆڕمی پێوانەكردن.

- **هەڵسەنگاندنی پاشەكی(تقويم البعدي):**

ئەمەش بە تاقیكردنەوەی توانای لێهاتووی وێنە كێشان لە وانەی كۆتایی وپاشان هەڵسەنگاندنی ئەنجامەكانی (٨) وانە بە پێی فۆڕمی هەڵسەنگاندن لە ڕێگەی لیژنەیەكی تایبەت بۆ هەڵسەنگاندن ئەنجامی نموونەی توێژینەوەكە بە مەبەستی زانینی جیاوازی نێوان تاقیكردنەوەی پێشەكی وپاشەكی هەروەها جیاوازی لە نێوان تەواوی (٨) وانەكە.

**8.3 ڕێكخستنی پرۆگرام:**

دوای ئامادەكردنی پرۆگرامەكە بەپێی هەنگاوەكانی پێشوو، پرۆگرامەكە پێشكەش بە كۆمەڵێک پسپۆڕ وشارەزا بۆ ئەوەی ڕای خۆیان دەرببڕن لەسەر ئەوەی كە تا چەند بەرنامەكە بەو شێوەیە ڕێكخراوە كە لە خزمەتی ئامانجەكانی توێژینەوەكە بێت، هەروەها ڕێكخستنی وانە وپێكهاتەكانی لە (ئامانجەكان، ناوەڕۆک، چالاكییەكان، هەڵسەنگاندن، دڵنیایی بەرنامەكە بۆ جێبەجێكردن)، بە مەبەستی دەستكاریكردنی بەرنامەكە بە پشت بەستن بە تێبینی وپێشنیاری شارەزایان وپسپۆڕان بۆ دڵنیابوون لەوەی كە بەرنامەكە پێش جێبەجێكردنی لەسەر خوێندكاران سامپڵی توێژینەوەكە وبەجۆرێک كە ببێتە فۆڕمی كۆتایی.

**9.3 جیبەجێ کردنی پرۆگرامی راهێنانی:**

بە مەبەستی پەرەپێدانی لێهاتویی وێنەکێشان لای خوێندکارانی قۆناغی چوارەم لە رێگەی جێبەجێکردنی پرۆگرامی ئامادەکراو کە پێکدێت لە چەند وانەیەکی پراکتیکی وە هەر وانەیەک ناوەڕۆک وجالاکی تایبەت لە خۆدەگرێت، لە رێگەی ئەم پرۆگرامەوە خوێندکار ئاشانا دەبێت بە چەند تەکنیکێکی نوێ.

**10.3 ئامانجی گشتی پرۆگرامەکە :**

راهێنانی سامپڵی توێژینەوەکە لە سەر پەرەپێدانی لێهاتووییەکانی وێنەکێشان بە تەکنیکی وێنەکێشان لە سەر رووی ئاو (Paper Marbling) لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر.

**11.3 ناوەرۆکی پرۆگرامەکە بۆ تەکنیکی وێنەکێشان لە سەر رووی ئاو (Paper Marbling):**

ناساندنی هونەری وێنەکێشان لە سەر رووی ئاو وجۆرەکانی کەرەستەکانی وێنەکێشان وچۆنێتی بەکارهێنانیان وتایبەتمەندی رەنگەکان وئامادەکردنیان وچۆنێتی دیزاینکردن وهاوسەنگی کردن، تایبەتمەندی ئاوە کە وئامادەکردنی وتایبەتمەندی ئەو روەانەی کە ئەگونجێت بۆ وینەی سەر رووی ئاوەکە.

**12.3 ئامادەکردنی فۆرمی هەڵسەنگاندن:**

ئامادەکردنی فۆرمی هەڵسەنگاندن، بۆ هەڵسەنگاندنی ئەنجامی خوێندکارانی سامپڵی توێژینەوەکە و هەڵسەنگاندنی تەواوی (٨) وانەو ئەزموونییەکە بۆ پەرەپێدانی لێهاتووییەکانی وێنەکێشان لە وانەی (کاری سەربەست)، توێژەر فۆرمی پێویست ئامادە کردووە بەپێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە:

1. توێژەر بۆ وەرگرتنی را وبۆچوونی پسپۆران وشارەزایانی وێنەکێشان لە بەشی پەروەردەی هونەری لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانکۆی سلێمانی سەبارەت بەو پێوەرانەی کە پشتی پێدەبەستێت لە کاتی هەڵسەنگاندنی بەرهەمی خوێندکارەکانیان لە کاتی وێنەکێشان لە بابەتی (کاری سەربەست) بەپێی راپرسی کە بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکراوە .
2. دوای بەراوردکردنی ئەنجامی راپرسێکە، لە ژێر رۆشنایی ئەزموونی کەسی توێژەر لەم بوارەدا وئامانجی پەروەردەیی ورەفتارییەکانی بابەتەکە وە پێداچوونەوەی بە هەندێک سەرچاوەی جۆراوجۆر لەم رووەوە، پێوەرەکان بە شێوەیەکی سەرەتایی وپێکهاتبوو لە (١٩) برگە (پاشکۆ ٣).
3. پاش ئەوەی پێوەرەکان دەستنیشان کران بە شێوەیەکی سەرەتایی توێژەر هەستا بە راپرسی بۆ ئەو پێوەرانە بۆ رای پسپۆران و شارەزایان لە رووی (شیاوی ونەشیاوی) وە لە پاش هەڵێنجاندنی رای پسپۆران بۆ ئامادەکردنی فۆرمی هەڵسەنگاندن وپشتڕاستکردنەوە ی کۆی گشتی برگەکان گەشت بە (٩) برگە (پاشکۆ ١).
4. توێژەر هەستا بە راپرسی بەمەبەستی دیاریکردنی نمرە بۆ هەریەک لە پێوەرە دیاریکراوەکان وە لە پاش وەرگرتنی رای پسپۆران وشارەزایان لە بەشی پەروەردەی هونەر لە دەست نیشان کردنی نمرە بۆ هەر برگەیەک لە (٩) برگەکانی فۆرمی هەڵسەنگاندن بە مەرجێک کە کۆی گشتی نمرەی برگەکان بکاتە (١٠٠) نمرە (پاشکۆ ١)، دوای دەرهێنانی وەڵامی مامۆستایان لەسەر راپرسێکە وە ناوەندی ژمێرەیی دەرهێنرا بۆ هەریەک لە (٩) برگەکانی فۆرمی هەڵسەنگاندنی ئەنجامی خوێندکاران، بەمەش فۆرمی هەڵسەنگاندن بەشێوەیەکی یەکخراو داڕێژراوە کە بەکاردەهێنرێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئەنجامی خوێندکارانی سامپڵی توێژینەوەکە، بۆ دڵنیابوون لە دروستی نمرەی برگەکان لەرووی هەڵسەنگاندنەوە دوای پشتڕاستکردنەوەی راستگۆیی ومتمانە.

**13.3 جێگیری فۆرمی هەڵسەنگاندن:**

لەپاش ئەوەی توێژەر گەیشت بە وێنەی کۆتای فۆرمی هەڵسەنگانی بەرهەمی خۆێندکاران، بەمەبەستی دەرهێنانی جێگیری ڕاستکردنەوەی فۆرمی هەڵسەنگاندن، چەند نمونەیەک لە بەرهەمی خوێندکاران قۆناغی چوارەم لە بەشی پەروەردەی هونەری کە پێکهاتووە لە (١٠) تابلۆ، بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردرا، وە بەرهەمەکان بریتیبوون لە کاری وێنەکێشان لە بابەتی کاری سەربەست بۆ تەکنیکی وێنەکێشان لە سەر رووی ئاو (Paper Marbling). تابلۆکان لەلایەن لیژنە هەڵسەنگێنەرا کە پێکهاتبوو لە (٣) مامۆستا لە بواری وێنەکێشان وە بەپێی فۆڕمی هەڵسەنگاندن، ڕێژەی هەریەک لە (١٠) تابلۆکە تێکرای نمرەکەی بۆ دەرهێنرا، پاشان بەراوردکردنی تێکرای نمرەی هەر مامۆستایەک لەگەڵ تێکڕای نمرەکانی مامۆستاکەی دیکە بە بەکارهێنانی هاوکێشەی پەیوەندی(پیرسۆن) چارەسەری ئاماریان بۆ کرا بەمەش (٣) بەراوردکاری ئەنجام درا (پاشکۆ ٢).

لە تەکنیکی (Paper Marbling) بەهای هاوکێشەی ڕێژەی پەیوەندی (بیرسۆن) بۆ بەراوردکردنی هەڵسەنگاندنی یەکەم لەگەڵ هەڵسەنگاندنی دووەم بریتیبوو لە (0.93) وە بەهای ڕێژەی هاوکێشەی پەیوەندی (پیرسۆن) بۆ بەراوردکردنی هەڵسەنگاندنی یەکەم لەگەڵ هەڵسەنگاندنی سێهەم بریتیبوو لە (0.835) وە بەهای هاوکێشەی ڕێژەی پەیوەندی (پیرسۆن) بۆ بەراوردکردنی

هەڵسەنگاندنی دووەم لەگەڵ هەڵسەنگاندنی سێهەم بریتی بوو لە (0.912)، ئەم بەهایانە ئاماژەیە بۆ بوونی پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان نمرەی مامۆستایانی هەڵسەنگێنەر وە ئەم ئاماژەیە جێگیری فۆڕمی هەڵسەنگاندنەکە دەسەلمێنێت.

### 14.3 پلاندانانی وانەوتنەوە بۆ فێرکردنی خوێندکارانی سامپڵی توێژینەوەکە:

توێژەر پلانی وانەوتنەوەی پراکتیکی بۆ (٨) هەفتەی نمونەی توێژینەوەکە لە چوارچێوەی ئامادەکردنی پرۆگرامی ڕاهێنانی دارِشت بە خستنەڕووی پلانەکە بە کۆمەڵێک پسپۆڕ لە بواری ڕێگەکانی وانەوتنەوە وە بەپێی شێوازی وانەوتنەوە کە بۆی دیاری کراوە وپێویستە لە ناوەڕۆکی پلانەکە لە ڕوانگەی زانستی وزمانەوانییەوە.

### 15.3 جێبەجێکردنی توێژینەوەکە:

ماوەی تاقیکردنەوەکە بۆ خوێندکارانی هەر گروپێکی تاقیکاری دیاریکرا، لە وەرزی یەکەمی ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣)، واتە (٨) هەفتە، بە ڕێژەی یەک وانەی خوێندن لە هەفتەیەکدا، بە ماوەی (٣) کاتژمێر بۆ هەر وانەیەک بۆ نمونەی توێژینەوەکە.

### 16.3 هاوکێشە ئامارییانەی کە بەکارهێنراون:

وەکو: ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوەری و هەڵەی پێوانەیی، وهاوکێشەی بیرسون، وتاقیکردنەوەی (t-test) هاوکێشەی جلاس، و پێوەری (Cohen).

### 4- خستەڕووی ئەنجامەکان وشیکردنەوەیان:

توێژەر لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکە ئەو ئەنجامانە دەخاتە ڕوو کە پێی گەیشتووە، دوای وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکە وتاقیکردنەوەی گریمانەکانی، پاشان هەندێک پێشنیار لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەدا دەخاتە ڕوو، هەروەها پێشنیاری هەندێک لێکۆڵینەوە ودەکات بۆ تەواوکەری بابەتەکەی توێژینەوەکە بە کەڵک وەرگرتن لە پرۆگرامی شیکردنەوەی ئاماری " Xl State 2019" لە پرۆسێسکردنی ئەنجامی توێژینەوەکە، هەروەها باسکردن ولێکدانەوە بۆ ئەنجامەکان، ولە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توژینەوەکە توێژەر کۆمەڵێک ڕاسپاردە وپێشنیاری دارِشتووە.

خشتەی (1): نمرەی بەدەست هاتوو بۆ تاقیکردنەوەی پێشەکی وتاقیکردنەوی پاشەکی لە لایەن خویندکارانی سامپڵی توێژینەوەکە لە ڕێگەی جێبەجێکردنی پرۆگرامی ڕاهێنانی بە تەکنیکی وێنەکێشان لە سەر ڕووی (Paper Marbling) پاش هەڵسەنگاندن بە بەکارهێنانی فۆڕمی هەڵسەنگاندن لە ڕێگەی لیژنەی هەڵنگاندن.

| خوێندکار | تاقیکردنەوەی پێشەکی | خوێندکار | تاقیکردنەوەی پێشەکی |
|---|---|---|---|
| ١ | ٣٧ | 10 | ٤٣ |
| ٢ | ٣٨ | 11 | ٤٦ |
| ٣ | ٣٨ | 12 | ٤٣ |
| ٤ | ٤٧ | 13 | ٤٧ |
| ٥ | ٣٩ | 14 | ٤٨ |
| ٦ | ٤٣ | 15 | ٤١ |
| ٧ | ٣٦ | 16 | ٤٠ |
| ٨ | ٣٩ | 17 | ٤٤ |
| ٩ | ٤٢ | 18 | ٣٧ |

| خوێندکار | تاقیکردنەوەی پاشەکی | خوێندکار | تاقیکردنەوەی پاشەکی |
|---|---|---|---|
| ١ | ٨٢ | 10 | ٨٤ |
| ٢ | ٨١ | 11 | ٨٧ |
| ٣ | ٧٩ | 12 | ٨٤ |
| ٤ | ٨٤ | 13 | ٨١ |
| ٥ | ٨٧ | 14 | ٨١ |
| ٦ | ٨٢ | 15 | ٨١ |
| ٧ | ٨١ | 16 | ٨٣ |
| ٨ | ٨٤ | 17 | ٨٦ |
| ٩ | ٨٣ | 18 | ٨١ |

### 1.4 ئامانجی یەکەم:

ئامانجی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە بریتی بوولە: بەکارهێنانی تەکنیکی وێنەکێشان لەسەر ڕووی ئاو (Paper Marbling) لە پەرەپێدانی تواناکانی وێنەکێشان لای خوێندکارانی قۆناغی چوارەم لە بەشی پەروەردەی هونەر، ئامانجەکە بنیادنانی پرۆگرامێکی ڕاهێنانی هەنگاو بە هەنگاوکە هەروەك پێشتر بەوردی ئاماژەی بۆ کراوە.

### 2.4 ئامانجی دووەم:

مەبەستی بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، ئەم گریمانەیە تاقیکراوەتەوە کە بریتی یە لە:

هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە لە ئاستی بەڵگەداری(0.05) لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی نمرەی بەدەستهینراو لە تاقیکردنەوەی پێشەکی وتاقیکردنەوی پاشەکی لای خوێندکارانی سامپڵی توێژینەوەکە لەسەر لێهاتوویی وێنەکێشان بە بەکارهێنانی تەکنیکی ( Paper Marbling) لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر پێش جێبەجێکردنی وپاش جێبەجێکردنی پرۆگرامی ڕاهێنانی یەکە.

خشتەی(2): ناوەندی ژمێریاری وهەڵەی پێوانەیی لادانی پێوەری بۆ ئەنجامی نمرەی بەدەستهاتوو لای خوێندكارانی سامپڵی توێژینەوەكە بە بەكارهێنانی تەكنیكی وێنە كێشان لە سەر رووی ئاو (Paper Marbling).

| Paired Samples Statistics | | | | |
|---|---|---|---|---|
| تاقیكردنەوە | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | هەڵەی پێوانەیی | لادانی پێوەری |
| پێشەكی | 18 | 41.555 | 0.897 | 3.807 |
| پاشەكی | 18 | 82.833 | 0.531 | 2.255 |

XLSTATE 2019, Range = 18

بۆ پشتڕاستكردنەوەی گریمانەیی ئامانجی دووەمر هەستا بە هەژماركردنی ناوەندی ژمێرەیی وهەڵەی پێوانەیی لادانی پێوەری بۆ ئەنجامی نمرەی بەدەستهێنراو لای خوێندكارانی سامپڵی توێژینەوەكە وەكو لە خشتەی (٢) خراوەتە روو، ئەنجامدانی تاقیكردنەوە هەبوونی جیاوازی لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی تاقیكردنەوەی پێشەكی وتاقیكردنەوەی پاشەكی بە بەكارهێنانی تاقیكردنەوەی (T-test) بۆ دوو نموونەی ناوەندی پەیوەندیدار بە پشت بەستن بە بەرنامەی ئاماری (XLSTAT version2019) وەك لە خشتەی ژمارە (3) دا نیشان دراوە.

خشتەی (3): ئەنجامی تاقیكردنەوەی (T-test) بۆ جیاوازی نمرەی بەدەست هێنراو لە نێوان تاقیكردنەوەكانی پێشەكی وتاقیكردنەوەی پاشەكی بۆ خوێندكارانی نموونەی توێژینەوەكە.

| تاقیكردنەوە | ژمارە | DF | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | t-Test هەژماركراو | t-Test خشتەیی | p-value Two-tailed |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پێشەكی | 18 | 17 | 41.555 | 3.807 | **45.887 | 2.11 | 0.0001 |
| پاشەكی | 18 | | 82.833 | 2.255 | | | |

*: significant at level alpha=0.05, **: significant at level alpha=0.01

لە خشتەی ژمارە (3) دا دەردەكەوێت، بەهای (t) هەژماركراو یەكسانە بە (45.887) وبەهای (t) خشتەیی یەكسانە بە (2.11) لە سەر ئاستی بەڵگەدارێتی (0.05)، بەهای (t) ئەژماركراو گەورەترە لە بەهای (t) خشتەی واتا جیاوازی بەڵگەداری هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی بۆ نمرەی بەدەست هێنراو لە بەرژەوەندی تاقیكردنەوەی پاشەكی، ئەمەش وایكردوە ئاستی پرەپێدانی توانای وێنەكێشان لە بابەتی كاری سەربەست بەرزتربێت لای خوێندكارانی سامپڵی توێژینەوەكە، توێژەر پێی وایە هۆكاری ئەمر ئەنجامە دەگرێتەوە بۆجێبەجێكردنی پرۆگرامی راهێنانی یەكە بە تەكنیكی وێنەكێشان لە سەر رووی ئاو (Paper Marbling) لای خوێندكارانی نموونەی توێژینەوەكە.

بەهۆی جیاوازی بەهای ناوەندی ژمێرەیی دوو تاقیكردنەوەكە بەمەش گریمانەی سفری كە دەڵێت جیاوازی نییە لە نێوان نمرەی ناوەندی ژمێرەیی تاقیكردنەوەی پێشەكی وتاقیكردنەوەی پاشەكی رەتدەكرێتەوە وگریمانە جێگرەوە پەسەند دەكرێت ، كە دەڵێت جیاوازی لە نێوانیاندا تاقیكردنەوەی پێشەكی وتاقیكردنەوەی پاشەكی هەیە. ئەمەش بەو مانایە دێت كە خوێندكارانی سامپڵی توێژینەوەكە ئاستی لێهاتووی وێنەكێشانی خۆیان پێشخستووە دوای ئەزموونی توێژینەوەكە بە بەراورد بە پێش ئەزموونی توێژینەوەكە.

**3.4 ئامانجی سێیەمر:**

بۆ دیاری كردنی ئاستی كاریگەری (Effect Size) ی گۆڕاوی سەربەخۆ نیشان بدرێت كە بریتی یە لە پرۆگرامی راهێنانی یەكە لە رێگەی تەكنیكی وێنەكێشان لەسەر رووی ئاو (Paper Marbling) لەسەر گۆڕاوە وابەستە (تابع) كە بریتیە لە لێهاتووی وێنەكێشانی خوێندكارانی نمونەی توێژینەوەكە لە كاتی ئەزمونی توێژینەوەكە. توێژەر بۆ ئەمر مەبەسەت هاوكێشەی (جلاس) ( Glass et al., 1981) ی بەكارهێنا بۆ خستنە رووی قەباری كاریگەری (Effect Size) پرۆگرامی راهێنانی یەكە لەسەر لێهاتوویی وێنەكێشان لە بابەتی كاری سەربەست لە وێنە كێشان لای خوێندكارانی سامپڵی توێژینەوەكە لە داوای ئەزمونی توێژینەوەكە.

بۆ پشتڕاستكردنەوەی گریمانەی ئامانجی سێیەمر، توێژەر هەستا بە هەژماركردنی جیاوازی نێوان ناوەندی ژمێرەیی تاقیكردنەوەی پێشەكی وتاقیكردنەوەی پاشەكی ولادانی پێوەری جیاوازییەكانی نێوان تاقیكردنەوەی پێشەكی پاشەكی بۆ ئەنجامی نمرەی بەدەستهێنراو لای خوێندكارانی سامپڵی توێژینەوەكە(خشتەی 4).

خشتەی (4): بەهای قەباری كاریگەری (Effect Size) پرۆگرامی راهێنانی لە سەر توانای لێهاتووی وێنەكێشان بە تەكنیكی( Paper Marbling) لە نێوان تاقیكردنەوەی پێشەكی وپاشەكی لای خوێندكارانی نموونەی توێژینەوەكە.

| تاقیکردنەوە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | لادانی پێوەری جیاوازییەکن | بەهای قەبارەی کاریکەری D | قەبارەی کاریکەری |
|---|---|---|---|---|---|
| پێشەکی | 41.555 | 3.807 | 3.816 | 10.817 | کاریکەریی گەورە |
| پاشەکی | 82.833 | 2.255 | | | |

بەپێی خشتەی (4) دەردەکەوێت کە بەهای قەبارەی کاریگەر(d) بریتی یە لە (**10.817**) بەرزترە لە بەهای پێوانەیی (0.8) بە پێی روونکردنەوەی کۆهین (Cohen, 1992) بۆ ئاماژەکردن بە قەبارەی کاریگەریەکە کە دەڵێت ئەگەر بەهای هەژمارکرا بۆ: قەبارەی کاریگەر (d = 0.2) قەبارەی کاریگەرییەکەی بچووکە یان لاوازە بەڵام ئەگەر هاتوو قەبارەی کاریگەر (d = 0.5) ئەوا قەبارەی کاریگەرییەکەی مامناوەندە وە ئەگەر قەبارەی کاریگەر (d = 0.8) ئەوە ئاماژەیە بۆ قەبارەی کاریگەرییەکەی گەورەیە وە وەک لە خشتە(5) دیارە.

خشتەی (5): بەهای قەباری کاریگەری (Effect Size) بە پێی روونکردنەوەی کۆهین.(Cohen, 2013)

| جۆری پێوەر | ئاستەکانی قەبارەی کاریگەری (d) بەپێی بەهاکان | | |
|---|---|---|---|
| | لاواز | مامناوەند | گەورە |
| Cohen | 0.2 | 0.5 | 0.8 |

ئەم ئەنجامە گەورەیە کە دەست کەوتووە کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ (مستقل) دەسەلمێنێت کە بریتیە بەکارهێنانی تەکنیکی وێنەکێشان لەسەر رووی ئاو (Paper Marbling) لە سەر گۆڕاوە وابەستە (تابع) کە بریتیە لە لێهاتوویی وێنەکێشانی خوێندکارانی سامپڵی توێژینەوەکە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ گەشەسەندنی بەرچاو لە ئاستی لێهاتوویی وێنە کێشان لە بابەتی کاری سەربەست لە وێنەکێشانی خوێندکارانی سامپڵی توێژینەوەکە دوای تاقیکردنەوەکە بەراورد بە لێهاتوویی وێنە کێشان پێش تاقیکردنەوەکە، لێرەدا دەردەکەوێت جیاوازی نێوان ناوەندی ژمێرەیی تاقیکردنەوەی پێشەکی وپاشەکی ئاستی بەڵگەداری هەیە.

### 5- دەرئەنجامەکان وڕاسپاردەکان:

### دەرئەنجامەکان:

- کاریگەری ئەرێنی پرۆگرامی ڕاهێنانی لە سەرپەرەپێدانی لێهاتووی وێنەکێشان.
- بەرنامەی ڕاهێنان بەشداری کرد لە پەرەپێدانی تواناکانی وێنەکێشان وسەلماندنی کاریگەری بەکارهێنانی تەکنیکی وێنەکێشان لەسەر رووی ئاو (Paper Marbling) بەگشتی لە چوارچێوەی ئەزموونی توێژینەوەکە.
- دەتوانرێت ئەم بابەتە گشتگیر بکرێت بۆ بابەتەکانی تری ئەکادیمی کە سروشتێکی پراکتیکی وکارپێکراویان هەیە وئەگەر ئامادەکاری بە وردی بیربکرێتەوە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت لەلایەن مامۆستایانەوە.

### ڕاسپاردەکان:

- ڕاسپاردنی سەرۆکایەتی بەشی پەروەردەی هونەر لە کۆلێجی پەروەدەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی، کە تاکە بەشە لە هەرێمی کوردستان، بە پەیڕەوکردنی پرۆگرامە ڕاهێنانی یەکە بە تەکنیکی وێنەکێشان لەسەر رووی ئاو (Paper Marbling).
- ڕاسپاردنی مامۆستایانی بابەتەکە لە بەشەکە بەبەکارهینانی پرۆگرامەکە بە ووتنەوەی بابەتەکە بە خوێندکارانی بەشی پەروەدەی هونەر.
- ڕاسپاردنی مامۆستایانی بابەتی وێنە کێشان لە خوێندنگا بنەڕەتی یەکان لەلایەن بەرپرسانی پرۆگرامەکانی خوێندن لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بۆ بەکارهێنانی پرۆگرامە ڕاهێنانی یەکە بە تەکنیکی وێنەکێشان لەسەر ڕووی ئاو ( Paper Marbling).

### پێشنیارەکان:

توێژەر بۆ پەرەپێدان وتەواوکردنی لایەنەکانی دیکەی ئەم توێژینەوەیە، پێشنیازی ئەم ناونیشانانەی خوارەوە دەکات بۆ تویژەران بۆ تویژینەوە وخویندکارانی خویندنی بالا لە بەشی پەروەدەی هونەر وبەشە هاوشێوەکان:

- کاریگەری پڕۆگرامێکی ڕاهێنانی لەسەر دەستکەوتی خویندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت- زانکۆی سلیمانی لە بابەتی ڕەنگکاری.
- کاریگەری پڕۆگرامێکی ڕاهێنانی لەسەر لێهاتوویی خویندکارانی بەشی پەروەردەی هونەری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت- زانکۆی سلیمانی لە بابەتی هێلکاری.

- ئامادەکردنی پرۆگرامێکی راهێنانی بۆ بابەتی وێنەکێشانی مۆدێل لە بەشی پەروەردەی هونەری کۆلێجی پەروەردەی بنەرەت-زانکۆی سلیمانی.

**6- لیستی سەرچاوە:**

**- بەزمانی ئینگلیزی:**


- AKHAN, L. U. & ATASOY, N. 2017. Impact of marbling art therapy activities on the anxiety levels of psychiatric patients. *Journal of Human Sciences,* 14.
- AKTAŞ ÖZKAFACı, A. & EREN, N. 2020. Effect of art psychotherapy using marbling art on depression, anxiety, and hopelessness in female survivors of domestic violence with PTSD. *The Arts in Psychotherapy,* 71, 101703.
- ARAL, A. E. 2020. *Somut olmayan kültürel mirasın eğitimi ve kültürün aktarımı: Türkiye örneği.* PhD, ANKARA HACI BAYRAM VELİ ÜNİVERSİTESİ.
- ARAL, N., KAYABASI, N., BICAKCI, M. Y., AYDIN, A. & MUTLU, B. 2012. Study of Effect of Ebru Training on the Developmental Areas of Children Aged Under Five. *Procedia - Social and Behavioral Sciences,* 51, 296-300.
- BABAOĞLU, A. 2013. Ebru. Ustalarla Buluşma. *İstanbul Kültür Sanat Basımevi*, 75-68.
- BALIBEYOĞLU, L. 1998. GELENEKSEL TÜRK SÜSLEME SANATLARI AÇISINDAN BEDRİ NOYAN DEDE BABA. *Turk Kulturu Ve Haci Bektas Veli-arastirma Dergisi*, 5, 1-7.
- BARUTÇUGIL, H. 2010. *Geçmişten günümüze ebru sanatı ve çağdaş bir yorum ile günümüz tekstiline uygulanması.* HALİÇ ÜNİVERSİTESİ MasterThesis, HALİÇ ÜNİVERSİTESİ.
- ÇALIŞKAN, S. 2017. LEARNING ABOUT ATOMIC MODELS WITH TURKISH MARBLE ART. *Dokuz Eylül Üniversitesi Buca Eğitim Fakültesi Dergisi*, 169-178.
- COHEN, J. 1992. Statistical power analysis. *Current directions in psychological science,* 1, 98-101.
- COHEN, J. 2013. *Statistical power analysis for the behavioral sciences*, Academic press.
- DERE, Ö. F., BAŞKAR, İ. Y. & GÜNER, E. 2021. *Anatolian Imam Hatip High Schools Ebru,* Turkia, Milli Eğitim Bakanlığı kitapları.
- DERMAN, M. U. 1994. Kitreli su üzerine serpilen boyalarla bezenmiş kâğıt ve bunu hazırlama sanatı. *TDV İslâm Ansiklopedisi C. 10: (80-82).* TDV İslâm Ansiklopedisi: TDV İslâm Araştırmaları Merkezi.
- EKELIK, D. 2019. *Geleneksel Türk el sanatlarından ebru sanatının ikat dokuma tekniğine uyarlanması.* Msc Art History BEYKENT ÜNİVERSİTESİ
- ERDINÇ, Ü. 2011. Ebru sanatında Necmettin Okyay'ın Mehmet Hatip Efendi'den öykünme izleri. *Türk Sanatları Araştırmaları Dergisi,* 1, 53-65.
- GLASS, G. V., MCGAW, B. & SMITH, M. L. 1981. *Meta-analysis in social research,* United States, Sage Beverly Hills, CA.
- GÜR, C. 2012. Turkish marbling and gifted children. *International Journal of Learning and Development*, 2, 86-92.
- GÜVEN, İ. M. V. N. 2015. *Türk Ebru sanatında çağdaş bir tasarım öğesi olarak elibelinde motifi.* Akdeniz Üniversitesi.
- ÖZCAN, N., UZAK, E. D., SUBAŞIOĞLU, A. & TEKİNDAL, M. A. 2018. Somut Olmayan Kültürel Miras Unsurlarından Ebru Sanatının Ortaokul Öğrencilerindeki Farkındalık Durumunda Medyanın Etkisi. *Bilim Armonisi,* 5, 54-64.
- PELIT, E. & TÜRKOĞLU, T. 2019. Somut olmayan kültürel miras değerlerinin turizme yansımaları ebru sanatı üzerine bir inceleme. *Güncel Turizm Araştırmaları Dergisi,* 3, 101-118.


- بەزمانی عربی:


- الأحمد, خ. ط. 2005. تكوين المعلمين: من الإعداد الى التدريب خانيونس-مكتبة الجنوب المركزية-قاعة عامة عربي / خانيونس:: غزة-المكتبة المركزية-قاعة عامة طلاب, دار الكتاب الجامعي.
- الجبورى, و. & الفتمي, ع. 2009: 194. الأسس العامة للإدارة التربوية بغداد, مؤسسة آفاق للدراسات والأبحاث العراقية.
- الخطيب, ا. ا. و. ل. ر. 2000. الإدارة والإشراف التربوي اتجاهات حديثة, عزة، لمكتب المركزي- قاعة عامة طلاب, الاردن-دار الامل للنشر التوزيع.
- الدمرداش, ض. م., سعد, إ., كامل, ع. أ. & علي, خ. ى. 2018 "Study Of Aesthetic And Functional Values Of" Ebru . Art To Create Fashion Designs.مجلة العمارة والفنون والعلوم الإنسانية, 3, 276-294.
- الزوبعي, ع. ا. و. 1978. الإختبارات والمقاييس النفسية, جامعة الموصل كلية الآداب, دار الكتب للطباعة والنشر.
- العمر, م. ع. 2001. منهجية البحث العلمي دراسة في مناهج العلوم مع تركيز على المنهج التجريبي. المكتبة الوطنية ، كلية التربية للبنات، جامعة بغداد.
- الياسري, ه. م. ح. 2000. بناء برنامج تدريبي في المهارات الادارية لمديري ومديرات المدارس الاعدادية في محافظة بغداد. العربية, جامعة المستنصرية.
- توفيق, ع. ا. 2007. مهارات أخصائي التدريب جامعة الاستقلال, مركز الخبرات المهنية للادارة-بميك.
- جابر, س. 2001. دليل إعداد البرامج والمواد التدريبية. طرابلس ليبيا, المركز العربي لتنمية الموارد البشرية.
- خليل, س. ح. م. 2010. أساسيات التثقيف المجتمعي بالفن التشكيلي, مكتبة الأنجلو المصرية.
- د.وليد, م. ٢٠٠٥ .فن الرسم في العصر الحديث. جامعة الأسكندرية.

- دغمش, ه. ع. 2014. فاعمية برنامج تدريبي في تنمية مهارات تصميم وانتاج ملف الإنجاز الالكتروني والاتجاه نحوه لدى طالبات كلية التربية بالجامعة الاسلامية بغزة.
- سنقر, ص. 1996. التوجيه التربوي وتدريب المعلم, دمشق, جامعة دمشق- دمشق.
- شحاتة, ح. & النجار, ز. 2003. معجم المصطلحات التربوية والنفسية, القاهرة, الدار المصرين للبنانية.
- شموط, ا. ع. ع. 2015. فاعمية برنامج تدريبي قائم على استراتيجيات ما وراع المعرفة لتنمية مهارات التفكير فوق المعرفي لدى الطالبات المعلمات تخصص رياضيات بكلية التربية في جامعة الازهر، غزة جامعة الازهر، غزة.
- صبري, م. 2002. الموسوعة العربية لمصطلحات التربية وتكنولوجيا التعليم, الرياض, مكتب الرشيد والتوزيع.
- عبداللهغيدان, م. 2008. برنامج تعليمي لإكساب طلبة قسم التربية الفنية مهارات استخدام الالوان الزيتية.
- عوض, م. أ. م. 1989. تدريب معلمى المواد الفنية الصناعية النظرية والعملية بالتعليم الثانوى الصناعى أثناء الخدمة فى مصر: دراسة ميدانية. المجلة التربوية لكلية التربية بسوهاج, 4, 1-50.
- لطفي, م. ق. 1996. التدريب الميداني لمعلمي اللغة العربية، التربية الإسلامية ومدرسيها في التعليم العام، المنظمة العربية للتربية والثقافة والعلوم، إدا ة ر التربية، تونس., 12.
- محمد, ع. ع. ا. 1994. جماليات الفن "المناهج والمذاهب والنظريات", الاسكندرية, دار المعرفة الجامعية.
- مصطفى, ص. ع. ا. 2002. الإدارة المدرسية في ضوء الفكر الإداري المعاصر, غزة-المكتبة المركزية-قاعة عامة طالبات:: غزة-المكتبة المركزية-قاعة عامة طلاب, دار المريخ للنشر.
- وليام, ه. ب. ١٩٩٧. فن الرسم عند قدماء المصريين, القاهرة, الدار المصرية اللبناني

**پاشكۆی ١**

**فۆرمی ڕاپرسی**

مامۆستای بەڕێز ( ) سڵاوی زانست...

ئەم ڕاپرسییە لە بەردەستدایە بەشێكە لە توێژینەوەی زانستی بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی(دكتۆرا) لە ژێر ناونیشانی: (كاریگەری پرۆگرامی ڕاهێنانی بە تەكنیكی Paper Marbling لەسەر تواناى وێنەكێشان و بەدەستهێنان لای خوێندكارانی بەشی پەروەردەی هونەر)، لە پێداویستیەكانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەست نیشان كردنی نمرە بۆ (٩) بڕگەی فۆرمی هەڵسەنگاندن بە مەرجێک كە كۆی گشتی نمرەی بڕگەكان بكاتە (١٠٠) نمرە ، كە بەكاردەهێنرێت بۆ هەڵسەنگاندن بەرهەمی خوێندكارانی سامپڵی توێژینەوەكە، بۆ دڵنیابوون لە دروستی نمرەی بڕگەكان لەرووی هەڵسەنگاندنەوە، توێژەر بە گرنگی دەزانێت ڕاو بۆچونی بەڕێزتان وەربگیرێت وەك پسپۆڕ وشارەزایەك سەبارەت بە نمرەی بڕگەكانی فۆرمی هەڵسەنگاندن، هاوكاریتان جێگەی ڕێزو پێزانینە.

لەگەڵ ڕێزدا...

تكایە مامۆستای بەڕێز ئەم زانیارییانە پڕبكەرەوە:

ناوی پـــسـپۆڕ: ..........................

پلەی زانســـتی: .................................. بڕوانامـــــە: ...............................

پسپۆڕی گشتی: ................................. پسپۆڕی ورد: ..........................

فۆرمی هەڵسەنگانی بەرهەمی خوێندكاران بۆ تەكنیكی (Paper Marbling)

| ژ | بڕگەكان | نمرەی بڕگە |
|---|---|---|
| 1 | ڕونی لە كۆنسێپتی كارە هونەری یەكە | 11 |
| 2 | وردی پلان دانان بۆ كارە هونەری یەكە | 11 |
| 3 | مامەڵەكردنی مەتریاڵ بەڕوانگەی نوێ (Content) لە كارە هونەری یەكە | 12 |
| 4 | شارەزایی لە بەكارهێنانی تەكنیكی دیاری كراو بۆ كارە هونەری یەكە | 12 |
| 5 | لایەنی جوانی كارە هونەری یەكە | 11 |
| 6 | بەرجەستە كردنی هارمۆنی وكۆنتراست لە پێكهاتەی كارە هونەری یەكە | 11 |
| 7 | ڕەچاو كردنی بنەماكانی داڕشتن لە كارە هونەری یەكەدا | 12 |
| 8 | پاک وخاوێنی لە كارە هونەری یەكەدا | 8 |
| 9 | ڕەسەنەیاتی و داهێنان لە كارە هونەری یەكەدا | 12 |
| | كۆی گشتی | ٪100 |

خوێندكاری دكتۆرا — سەرپەرشتیار

ئاواز میرزا فرج — پرۆفیسۆر د. صابر بكر مصطفى

**پاشكۆی ٢**

**جێگیری فۆرمی هەڵسەنگاندن**

مامۆستای بەڕێز ( ) سڵاوی زانست...

ئەم ڕاپرسییە لە بەردەستدایە بەشێكە لە توێژینەوەی زانستی بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی(دكتۆرا) لە ژێر ناونیشانی: (كاریگەری پرۆگرامی ڕاهێنانی بە تەكنیكی Paper Marbling لەسەر تواناى وێنەكێشان و بەدەستهێنان لای خوێندكارانی بەشی پەروەردەی هونەر)، لە پێداویستیەكانی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لەدەرهێنانی جێگیری فۆرمی هەڵسەنگاندن بۆ تەكنیكی وێنە كێشان لە سەر رووی ئاو (Paper Marbling)، بۆ دڵنیابوون لە دروستی پێدانی نمرە بۆ هەر كارێكی وێنەكێشان لەم توێژینەوەیە لە ڕێگای ئەم فۆرمەوە، توێژەر بە گرنگی دەزانێت بەڕێزتان بەشدارن وەك پسپۆڕ وشارەزایەك لەم بوارە بۆ هەڵسەنگاندنی كۆمەڵێ كاری وێنەكێشان بەپێی فۆرمی هەڵسەنگاندنەكە بۆ دنیا بوونەوە لە دروستی فۆرمی هەڵسەنگاندنەكە، هاوكاریتان جێگەی ڕێزو پێزانینە.

لەگەڵ ڕێزدا...

تكایە مامۆستای بەڕێز ئەم زانیارییانە پڕبكەرەوە:

ناوی پـــسـپۆڕ: ..........................

پلەی زانســـتی: .................................. بڕوانامـــــە: ...............................

پسپۆڕی گشتی: ................................. پسپۆڕی ورد: ..........................

فۆرمی هەڵسەنگانی بەرهەمی خوێندكاران بۆ تەكنیكی (Paper Marbling)

خوێندكاری دكتۆرا — سەرپەرشتیار

ئاواز میرزا فرج — پرۆفیسۆر د. صابر بكر مصطفى

**پاشکۆی ٣**

**فۆرمی ڕاپرسی کراوە**

مامۆستای بەڕێز (                                ) سڵاوی زانست...

ئەم ڕاپرسییە لە بەردەستدایە بەشێکە لە توێژینەوەی زانستی بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی(دکتۆرا) لە ژێر ناونیشانی: (کاریگەری پرۆگرامی ڕاهێنانی بە تەکنیکی Paper Marbling لەسەر تواناى وێنەکێشان و بەدەستهێنان لای خوێندکارانی بەشی پەروەردەی هونەر)، یەکێک لە پێداویستیەکانی ئەم توێژینەوەیە ئامادەکردنی فۆرمی هەڵسەنگاندنی پێشەکی و پاشەکی بۆ پەرەپێدانی لێهاتووییەکانی وێنەکێشان لە وانەی (کاری سەربەست)، لای نموونەی توێژینەوەکە بۆ کاتی ئەنجامدانی ئەزموونی توێژینەوەکە، بەڕێزتان بەو پێیەی پسپۆڕو شارەزای بوارەکەن توێژەر بە گرنگی دەزانێت راو بۆچونتان بەهەند وەربگیرێت لە ڕێگای نووسینی گونجاوترین برگە و فۆرمی هەڵسەنگاندنەکە لە لیستی هاوپێچدا، هاوکاریتان جێگەی ڕێزو پێزانینە.

لەگەڵ ڕێزدا...

تکایە مامۆستای بەڕێز ئەم زانیارییانە پڕبکەرەوە:

ناوی پـــسـپۆڕ:............................

پلەی زانســـتی:..........................            بڕوانامـــــە:..............................

پسپۆڕی گشتی:..........................            پسپۆڕی ورد:..............................

برگەکانی فۆرمی هەڵسەنگاندنی تاقیکردنەوە:-

| ژ | برکەکان | نمرەی برگە | کاری 1 | کاری 2 | کاری 3 | کاری 4 | کاری 5 | کاری 6 | کاری 7 | کاری 8 | کاری 9 | کاری 10 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | رونی لە کۆنسێپتی کارە هونەری یەکە | 11 | | | | | | | | | | |
| 2 | وردی پلان دانان بۆ کارە هونەری یەکە | 11 | | | | | | | | | | |
| 3 | مامەڵەکردنی مەتریاڵ بەروانگەی نوێ (Content) لە کارە هونەری یەکە | 12 | | | | | | | | | | |
| 4 | شارەزایی لە بەکارهێنانی تەکنیکی دیاری کراو بۆ کارە هونەری یەکە | 12 | | | | | | | | | | |
| 5 | لایەنی جوانی کارە هونەری یەکە | 11 | | | | | | | | | | |
| 6 | بەرجەستە کردنی هارمۆنی وکۆنتراست لە پێکهاتەی کارە هونەری یەکە | 11 | | | | | | | | | | |
| 7 | ڕەچاو کردنی بنەماکانی دارشتن لە کارە هونەری یەکەدا | 12 | | | | | | | | | | |
| 8 | پاک وخاوێنی لە کارە هونەری یەکەدا | 8 | | | | | | | | | | |
| 9 | ڕەسەنەیاتی و داهێنان لە کارە هونەری یەکەدا | 12 | | | | | | | | | | |
| | کۆی گشتی | 100 | | | | | | | | | | |

خوێندکاری دکتۆرا
ئاواز میرزا فرج

سەرپەرشتیار
پرۆفیسۆر د. صابر بکر مصطفی

| ژ | بڕگەکان | شیاوە | نەشیاوە |
|---|---|---|---|
| ١ | ئامادەکردنی تابلۆکە | | |
| ٢ | وردی پلاندانانی بابەتەکان. | | |
| ٣ | جێبەجێکردنی بنەما و یاسا لە وێنە کێشانی بابەتەکە. | | |
| ٤ | رەنگ کردنی شێوەی بابەتەکە . | | |
| ٥ | لێکۆڵینەوە لە کارەکتەری ڕەنگی گشتی بابەتەکە . | | |
| ٦ | لێکۆڵینەوە لە ڕەنگدانەوەی نێوان یەکەو شێوەی بابەتەکە. | | |
| ٧ | وردی چارەسەرکردنی پشتی (خلفية) وێنەکە. | | |
| ٨ | هاوسەنگی لە رەنگ و شێوە. | | |
| ٩ | هارمۆنی (کۆنتراست) لە رەنگ دا هەبێت. | | |
| ١٠ | ریتم لە کارە هونەرێکەدا هەبێت. | | |
| 11 | بابەت روون ئاشکرابێت. | | |
| 12 | باکگراوند بگونجێت لە کارە هونەرێکەدا. | | |
| 13 | شێوەو رەنگ لە خزمەتی یەکتریدا بێت. | | |
| 14 | سەرنج راکێش وچێژ بەخشبێت. | | |
| 15 | رەگەزەکانی داڕشتنی تێدابێت. | | |
| 16 | کەشی رەنگ دیاری بکات لە ناو کارەکەدا. | | |
| 17 | رەنگ و هێڵ تەواو کەری یەکتر بیت. | | |
| 18 | بەکارهێنانی تۆنەکانی رەنگ لە ناو کارە هونەرێکاندا. | | |
| 19 | جوانی بەخشبێت کارەهونەرێکە. | | |

پاشکۆی ٤

چەند کارێکی هونەری خوێندکارانی سامپڵی توێژینەوەکە بە تەکنیکی (Paper Marbling) بە قەبارەی (A3)



**اثر برنامج التدريبي بتقنيـة (Paper Marbling) على القدرة رسم والتحصيل لدى الطلاب في قسم التربية الفنية**

**ئاواز ميرزا فرج**
كلية التربية الاساسية، قسم التربية الفنية، جامعة السليمانية
awaz.faraj@univsul.edu.iq

**صابر بكر مصطفى**
كلية التربية الاساسية، قسم رياض الاطفال، جامعة السليمانية
sabir.mustafa@univsul.edu.iq

**ملخص**

زهذا البحث مأخوذ من رسالة دكتوراه بعنوان (اثر برنامج التدريبي بتقنيـة (Paper Marbling) على القدرة رسم والتحصيل لدى الطلاب في قسم التربية الفنية). يهدف البحث إلى إعداد برنامج تدريبي في مجال الرسم يعتمد على تقنية لم يتم استخدامها من قبل في مجال الرسم في مؤسسة تعليمية العلمية مثل جامعة السليمانية. تهدف الدراسة الى معرفة تأثير البرنامج التدريبية بتقنية الرسم على سطح الماء (Paper Marbling) على القدرة ومهارة الرسم والتحصيل في موضوع العمل الحر في الرسم ومقارنة نتائج الاختبار القبلي والاختبار البعدي واقتراح التقنية كطريقة جديدة إلى جانب الطرق الشائعة لإدخال أنماط جديدة الى موضوع ودروس الرسم. وقد اتبعت الباحثان نموذج (كمب) لتصميم وصياغة البرنامج التدريبي لما له من مزايا ومنها السماح بإجراء التعديلات اللازمة في اختيار الوحدات حسب الحاجة، والتقييم أثناء تصميم العملية مناسبة مع طبيعة العملية التدريبية للطلاب. من اجل تحقيق اهداف البحث اختارت الباحثة تصميم المجموعة واحدة مع اختبار القبلي في الأسبوع الأول واختبار البعدي في الأسبوع الثامن من التجربة وتم اختيار عينة البحث من مجتمع بالطريقة عشوائية حيث تكونت العينة من (١٨) طالب من طلاب المرحلـة الرابعـة. لغرض الحفاظ على موازنه عينة البحث و ضبط المتغير التي تؤثر في المتغير المستقل وتحديد خط واحد لجميع الطلاب قامت البحثة بتكافؤ عينة البحث في متغيرات (الاختبار القبلي، عمر الطلاب بالشهر، درجة موضوع الانشاء في الرسم لسنة (٢٠٢١-٢٠٢٢)، مستوى الذكاء عن طريق اجراء اختبار الذكاء). قام الباحثة باجراء ثلاثة أنواع من استبيانات ، استبيان لصياغة وبناء البرنامج التدريبي، استبيان للتحديد تقنيات الرسم الحديثة، استبيان لإعداد بطاقة التقييم لتقييم نتائج اختبارات تحصيل طلاب عينة البحث. بعد صياغة وبناء البرنامج التدريبي وتلقي رأي الخبراء ووفق عدد من الخطوات التي تم من خلالها تحديد البرنامج التدريبي واحتياجاته وأهدافه. قام الباحثة بتطبيق البرنامج التدريبي وتقنية (Paper Marbling) على عينة البحث لمدة (٨) أسابيع، كل أسبوع (١) درس، كل درس (٣) ساعات. بعد جمع البيانات والتحليل الإحصائي للنتائج، توصل الباحثان إلى مجموعة من النتائج منها بناء برنامج تدريبي خطوة بخطوة ومن ثم تطبيقه على عينة البحث وظهور تاثير معنوي ذو دلالة إحصائية بين متوسط الدرجات التحصيل في الاختبار القبلي و الاختبار البعدي نتيجة استخدام تقنية (Paper Marbling) مما يعني أن طلاب عينة البحث تحسنت من مستوى مهاراتهم في الرسم بعد تجربة مقارنة بما كانت قبل التجربة وكان حجم تأثير برنامج التدريبي كبيرا على تنمية مهارات الرسم والتحصيل لدى طلاب عينة البحث. وفي ضوء النتائج قدم الباحثان عددا من التوصيات والمقترحات التي يرى أنها ستكمل بحثه الحالي في المستقبل.

**الكلمات المفتاحية** : اثر، برنامج تدريبي، الرسم على سطح الماء, الترخيم

**The Effect of The Training Program Using (Paper Marbling) Technique on The Ability to Draw and Achievement of Students in The Department of Art Education**

**Awaz Mirza Faraj**
Art Education Department -College of Basic Education/ University of Sulaimani
awaz.faraj@univsul.edu.iq

**Sabir Bakr Mustafa**
Kindergarten Department -College of Basic Education/ University of Sulaimani
sabir.mustafa@univsul.edu.iq

**Abstract**

This research is elicited from Ph.D. thesis entitled (The effect of the training program using Paper Marbling) technique on the ability to draw and achievement of students in the department of art education). The research aims to prepare a training program in the field of drawing based on a technique that has not been used before in the field of drawing in a scientific educational institution such as the University of Sulaymaniyah. The study aims to find out the effect of the training program using the technique of drawing on the surface of the water (Paper Marbling) on the ability and skill of drawing and achievement in the subject of self-employment in drawing and comparing the results of the pre-test and post-test and proposing, the technique as a new method in addition to the common methods of introducing new patterns into the subject and lessons of drawing. The researcher followed the (Kemp) model to design and formulate the training program because of its advantages, including allowing the necessary adjustments to be made in selecting units as needed, and evaluation during designing the process to be appropriate with the nature of the training process for students. In order to achieve the objectives of the research, the researcher chose a one-group design with a pretest in the first week and a posttest in the eighth week of the experiment and the research sample was randomly selected from a community where the sample consisted of (18) students from the fourth stage. The purpose of maintaining the balance of the research sample and adjusting the variable that affects the independent variable, and defining one way for all students, the research equalized the research sample in the variables (pre-test, age of the students in the month,

degree of construction subject in drawing for the year (2023-2021), level of intelligence by conducting an intelligence test). The researcher conducted three types of questionnaires, a questionnaire for formulating and building the training program, a questionnaire for determining modern drawing techniques, and a questionnaire for preparing an evaluation card to evaluate the results of the achievement tests of the research sample students. After formulating and building the training program and receiving the opinion of experts and according to a number of steps through which the training, its needs and objectives were determined. The researcher applied the training program and the (Paper Marbling) technique on the research sample for a period of (8) weeks, each week (1) lesson, each lesson (3) hours. After data collection and statistical analysis of the results, the researcher reached a set of results, including building a step-by-step training program and then applying it to the research sample and then applying it to the research sample and the emergence of a significant effect between the average scores achieved in the pre-test and post-test as a result of using the (Paper Marbling) technique, this means that the students of the research sample improved the level of their drawing skills after an experiment compared to what it was before the experiment and the effect size of the impact of the training program was significant on the development of drawing skills and achievement among the students of the research sample. In light of the results, the researcher made a number of recommendations and proposals that he believes will complement his current research in the future.

**Keyword**: Effect, Training Program, Paper Marbling, Ebru